١٩

تۆفیق وەهبی

# کورد و زمانی کوردی

لە ئینگلیزییەوە

د. عەزیز گەردی

تۆفیق وەهبی

# کورد و
# زمـانی کـوردی

وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە
عەزیز گەردی

سلێمانی / ٢٠٠٢

سەرپەرشتیاری زنجیرە
ئازاد بەرزنجی

ناوی کتێب: کوردو زمانی کوردی

ناوی نووسەر: تۆفیق وەهبی

ناوی وەرگێڕ: عەزیز گەردی

بابەت: مێژوو و زمانەوانی

مۆنتاژو هەڵەچنی: خودی نووسەر

تیراژ: ٥٠٠ دانە

ژمارەی سپاردن: ٤١٣ ی ٢٠٠٢

زنجیرە کتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (١٩)

www.sardam.org

پێشکەشە بە :

- گیانی پاکی نووسەری ئەم بابەتانە، خوالێخۆشبوو تۆفیق وەهبی.
- گیانی پاکی مامۆستای خوالێخۆشبوو مستەفا نەریمان کە ئەم بابەتانەی بەمن گەیاندو لێنەگەڕا بفەوتێن.

عەزیز

# پێشەکی

ئەوەندەی من ئاگاداربم ئەم پێنج بابەتەی مامۆستا تۆفیق وەهبی، کە لەم نامیلکەیەدا هاتوون، تا ئێستا بە کوردی بڵاو نەکراونەتەوە. ئەمە یەکەم جارە، چ تاك تاكو چ بەسەر یەکەوە، بەکوردی بڵاو دەکرێنەوە.

ساڵی ١٩٧٨، مامۆستا نەریمانی ڕەحمەتی چووبووە ئەوروپاو لەوێ سەردانی مامۆستا تۆفیق وەهبی کردبوو، ئەویش ئەم پێنج بابەتەی بەزمانی ئینگلیزیو بەتایپکراوی پێدابوو بۆ ئەوەی بەڵکو کە هاتەوە لێرە یەکێ سوودی لێ وەربگرێ. هاوینی هەمان ساڵ، لەگەڵ مامۆستا نەریمان، لەبەغدا، یەکترمان بینیو یەکسەر باسی ئەم پێنج بابەتەی بۆ کردمو گوتی بۆتۆم داناوە ئەگەر بکرێبیانکەی بەکوردی. من زۆر سوپاسی ئەو هەستو متمانەیەم کردو دوای یەك دوو ڕۆژ، وتارەکانی بۆ هێنامو منیش خستمنە ناو دەستنووسەکانی خۆم. لەو ساوە تا ئەم ساڵ نەچوومەوە سەریان. ئەم ساڵ بە ڕێکەوت چاوم

بە بابەتەکان کەوت و بڕیارم دا بیانکەم بە کوردی و بەزووترین کات بڵاویان بکەمەوە.

بابەتی یەکەم بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی لەبنەچەو بنەڕەتی نەتەوەی کوردو زمانی کوردی، موناقەشەی ئەو بیرو باوەڕانە دەکات کە زانایان لەبارەی بنەچەی کوردو زمانی کوردی پێشکەشیان کردووەو بەشێوەیەکی زانستی هەڵیاندەسەنگێنێ و بیرو باوەڕی خۆی لەم بوارەدا دەردەبڕێ.

بابەتی دووەم، لێکۆڵینەوەیەکی مۆرفۆلۆجی ئیتیمۆلۆجییە لە مۆرفیمی (بکەر نادیار) لە زمانی کوردیدا، لە کۆنەوە چۆن بووەو چۆن گۆڕانی بەسەردا هاتووە تا بەشێوەی ئەمڕۆی گەیشتووە.

بابەتی سێیەم، لەو بۆچوونە دەدوێ ئایا ناوی (کورد) لە (کاردو)ەوە هاتووە یان لەشتی ترەوە. لێرەشدا، لەڕووی مێژووییەوە دەچێتە بنج و بناوانی وشەی (کورد)و ئەو ئەسڵانەی دەشێ وشەکەیان لێداتاشرابێ... ڕای زانایان دێنێتەوەو هەڵیاندەسەنگێنێ.

بابەتی چوارەم بریتییە لە ئیتیمۆلۆجی وشەی (سپلۆت)ی کوردی...ئایا وشەکە لە چییەوە

هاتووەو چۆن گۆڕانی بەسەرداهاتووەو ئێستا بەچ شێوەو مانایەك بەکاردێ.

بابەتی پێنجەم: بڵاوکردنەوەو وەرگێڕانی چیرۆکێکی هەرەباوی ناو منداڵانی کوردە، چیرۆکی سێ کۆستە، کە دوای ئەوەی کۆسەیەکی تر پارەیان لێ دەدزێ، بەزرنگی خۆیانو بەبەکارهێنانی وشەی سەروابەندەوە ماڵی خۆیان بەسەردەگرنەوەو وەری دەگرنەوە.

لەکۆتاییدا دەڵێم من ئەم پێنج بابەتەی مامۆستا تۆفیق وەهبی بەکوردی دەخەمە بەردەستی خوێندەوارو تۆژەرەوانی کورد بۆ ئەوەی سوودی لێ وەرگرن. لەگەڵ هەزاران ڕەحمەت بۆ گیانی پاکی مامۆستای نەمر، تۆفیق وەهبی، کە دوای نزیکەی چارەکە سەدەیەك ئاوارەیی، گیانی بەکوردستانو پیرەمەگروونی سەرکەش شادبووەوە.

عەزیز گەردی

# یەکەم

## کورد کێن؟

## کوردستان (وڵاتی کوردان)

لەندەن: ١٩٦٧

ئەو زنجیرە چیا تەریبانەی لەباکووری ڕۆژئاواوە بەرەو باشووری ڕۆژهەڵات درێژ دەبنەوە دیواری ڕۆژئاوای بانی ئێران پێک دێنن. ئێمە بەدڵنیاییەوە بەمانە دەڵێین: چیاکانی زاگرۆس. ئەمانە، لەگەڵ ئەو زنجیرانەی بەرەو ڕۆژئاوا دەبنەوەو لەشێوەی تاقێکدا بەسەر فوراتدا دەکشێن، بڕبڕەی پشتی کوردستان، واتە وڵاتی کوردان، پێک دێنن کە ئەویش خۆی بەهەموو لایەکدا پەل دەهاوێ. ژمارەی دانیشتوانی کوردستان لە دەملیۆن کەس زیاترە.

ئەم زنجیرە چیایە لەسەرەتای چاخی پلێسیتۆسین (چاخی نوێی نزیک)، واتە نزیکەی ٦٠٠,٠٠٠ (شەش سەد هەزار) ساڵ پێش ئێستا، دوا شێوەی خۆی وەرگرتووە، گوایە ئەمە سەرەتای دەرکەوتنی مرۆڤیش بووە لەسەر زەوی.

ئەم ناوچە شاخاوییە ئاوو هەوای ناوەنجییەو کانیو ڕوباری تێدایەو دەشتو نەوراییو ئەشکەوتیشی لێیە. گیاو گوڵو میوەی زۆرە کە بە کاڵی، یان بە وشککراوی دەخورێن. ئێرە شانۆیەکی هەمیشەیی بووە بۆ درامای ژیانی زۆر چەشنە ئاژەڵو گیاندار. لەو سەردەمەدا، مرۆڤی چاخی بەردین بە جۆرەها بەرهەمی سەوزەو بەو ئاژەلانەی ڕاوی کردوون ژیانی خۆی دەستەبەر کردووەو ماوەتەوە. لەکاتی کارەساتی کەشو هەوادا، ئێرە بەهەشتێکی سەر ڕووی زەوی بووە بۆ مرۆڤ، بۆ نموونە وەکو ئەو ساردیو وشکە ساڵییانەی لە گۆڕانکاری هەزاران ساڵەدا بەسەر زەویدا هاتووە. ئەمڕۆ، ئەم ناوچەیە هێشتا پڕ پەلەوڕو مەڕو ماڵاتەو دارو درەختی گەڵێ زۆر دایپۆشیوە کە جۆرەها میوەو گوێزو بادام وترێو سێوو کرۆسكو توو یان لێدێتە بەرهەم، هەنگوینو تووتنو پەمۆو دانەوێڵەشی زۆرە. لەمانە لەهەمووی زیاتر بەڕووە کە خۆراکی سەرەکی مرۆڤی سەرەتایی ئەو ناوچەیە بووەو ئەو خەڵکەی ساڵەهای ساڵ پێی ژیاون، بە سەرچاوەیەکی سەرەکی ژیانیان زانیوە بۆ کاتی

گرانی، یان ئەو کاتەی لەبەر لەشکری داگیرکەر هەڵاتوون و لەسەر ترۆپکی شاخەکان داڵدەیان گرتووە. کەواتە هەقیانە ڕێزی دار بەڕوو دەگرن و بەپیرۆزی دەزانن، کە زۆر سوودی تریشی هەیە. بەڕوو بۆتە ڕەمزی نەتەوایەتی کورد.

ئەم وڵاتە، بەپلەی یەکەم دەچێتە ڕیزی ئەو وڵاتانەی شارستانییەتە کۆنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیان پێکەوەناوە، ئەم شارستانییەتە بە دۆزینەوەی کشتوکاڵ لەو شوێنانە دەستی پێکردووەو پاشان بەرەو دۆڵی فورات بڵاوبۆتەوە.

کۆنترین پاشماوەی کشتوکاڵ بەدرێژایی ئەو هێڵەدا دۆزراوەتەوە کە بەم جێگایانەدا دەڕوا: دۆڵی (الناطف) (لەفەلەستین)، (ئەنتاکییە (باکووری سووریا)، (کەرچەمیش) (لەسەر فورات)، (تەل حەلەف) (باکووری جەزیرە)، (سیالك) (باکووری کاشان لەئیران)، هەروەها لەسەر ئەو هێڵەی بەباکووری ڕۆژهەڵاتی بانی ئیراندا دەڕوا و هیلالی بەپیت و چیای زاگرۆس دەبڕێ. بەم جۆرە دیارە، لەناو ڕەوەزە چیاکانی زاگرۆس، لەباکووری عیراقی ئێستا، یەکەم گوند

درووست بوون کە شارستانێتییان لێ پەیدابووە، وەکو شوێنە هاوقووفەکانی تریان لەڕۆژهەڵاتی نزیك کە تازە ئاماژەمان پێدان.

## کێن ئەو گەلەی بەکورد ناسراون؟

لەبەر ئەوەی ئەو زمانەی کورد قسەی پێدەکەن پەیوەندی بەخێزانی گەورەی زمانە هیندوئەورووپییەکانەوە هەیە، وا چاکە پێناسەیەکی کورتی هیندوئەورووپییەکان و بەتایبەتی هیندوئێرانییەکان و بەتایبەتی تریش ئێرانییەکان و زمانەکانیان پێشکەش بکەین.

ئەم زانیارییەی خوارەوە لەبارەی هیندوئەورووپییەکان و هیندوئێرانییەکانەوە هەر زۆر باوە، لەگەڵ ئەوەشدا من بەپێویستی دەزانم باسی بکەم بۆ ئەوەی خوێنەر بتوانێ بەئاسانی قسەکانم لەبارەی کوردو زمانی کوردییەوە لێ وەربگرێ.

## هیندوئەورووپییەکان

لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەمی زایینی، هەندێ ئەورووپی شارەزاییان لەبارەی زمانی سەنسکریتی

لەهیند پەیدا کردو دیتیان ئەو زمانە پەیوەندی نزیکی بەزمانەکانی خۆیانو زمانە ئیرانییەکانەوە هەیە. لێکدانەوەی جۆراوجۆریان بۆ ئەم دیاردەیە کرد، بەلام ئەو بیردۆزەی ئێستا باوە، کە بیردۆزێکی ڕاستە، ئەوەیە بنچینەی ئەم زمانەو زمانە ئەوروپییەکان (واتە گریكو لاتینیو هتد...)و زمانە ئیرانییەکان (واتە فارسیو ئەفغانیو بەلووچیو کوردیو زمانە ئیرانییەکانی تر) یەك شتو هەمان شتە.

بڕوایە بنچینەی ئەم زمانانە زمانی ئەو گەلەبووە کە لەدەشتەکانی نێوان باکووری ڕۆژهەلاتی دەریای قەزوینو باشووری ڕۆژئاوای دەریای ڕەش ژیاونو لەکۆتایی هەزارەی سێیەمی پێش زایین لەسۆنگەی هەندێ هۆی نادیارەوە، کە ڕەنگە لەهەموویان کرنگتر بێگوزەرانی بێ، لەوێوە کۆچیان کردووە.

تۆژەرەوان ناوی (هیندوئەوروپی)یان لەو خەلکانە ناوە کەلەو ولاتە پێگەیشتوون، هەروەکو بۆ میراتی ئایینی و زمانەوانی خلکەکەش بەکاریان هێناوە. هەر ئەو ناوەش بۆ نەوەکانی ئەمڕۆیان بەکاردێ.

ئەم خێڵە هیندوئەوروپییانەی لەوڵاتی ئەسلی خۆیان باریان کردو ڕوویان کردە ڕۆژئاوا، خزانە ناو ئەو ئەورووپاو بەسەر کەنارەکانیدا پەرتەیان کرد، کەچی ئەوانەی بەرەو ڕۆژهەڵات کۆچیان کرد لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوین مانەوە، تەنیا کۆمەڵەیەکی کەمیان نەبێ، کە کاسییەکان بوون، لە کۆچەکەیان بەردەوام بوون و هەر بەرەو پێش لێیان خوڕی تا لەهەزارەی دووەمی پێش زایین گەیشتنە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی عێراق لەناوچەی پشتکۆو نەختێ هەورازتر. ئەم کاسییانە لەسەرەتای سەدەی حەڤدەم و بەدواوە نزیکەی بۆ پێنج سەدە پێش زایین فەرمانڕەوایی وڵاتی بابلیان کرد.

## هیندوئێرانییەکان

ئەو خێڵە هیندوئەوروپییانەی بەرەو ڕۆژهەڵات جمان، وەکو لەسەرەوە باس کرا، بۆ ماوەی چەند سەدەیەکی کەم لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی دەریای قەزوین مانەوە. ئەمانە بەخۆیان دەگوت (ئاریا) کە مانای (خانەدان)ی دەگەیاند. وشەی (ئایر)ی (ئایرش) و (ئایرلەند)ی ئەمڕۆ هەر لەم وشەیەوە

داتاشراوە. لەو سەدان ساڵەی ئارياييەكان پێكەوە لەو ناوچەيە بەسەريان برد، پێشكەوتنی تايبەتی بەسەر زمانو خوو ورەوشتيان داهات لەچاو ئەو خزمانەی خۆيان كەبەرەو ئەورووپا كۆچيان كردبوو.

دوای ئەم جێواربوونە دووردرێژە، ئارياييەكان ئەو وڵاتەشيان جێهێشتو بەدوو شەپۆڵ، لەماوەی جياجيادا، ڕوويان كردە لای باشووری ڕۆژئاواو لای ڕۆژئاواو لەهيندو ئيران گيرسانەوە. ئەمانە بەهيندو ئيرانی ناسراون. ميراتی ئايينیو زمانەوانييانو نەوەكانيشيان، كە لەم دوو ناوچەيەدا دژين، پێيان دەگوترێ: هيندوئيرانی.

يەكەم شەپۆلی ئەم هيندوئيرانييانە (واتە ئارياييەكان)، كە لەناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زايين بەرەو هيند چوونو نەتەوەی هينديان لێ كەوتەوە، لەڕێگادا بوون بە دوو لق: يەكێكيان بەچيای هيمالايادا چووە هيند؛ كەچی ئەوەی تر ڕێڕەوی خۆی بەرەو باكووری ميزۆپۆتاميا گۆڕی. ئەمەی دووەميان، لەناوەڕاستی هەزارەی دووەمی پێش زايين ئيمپراتۆريەتی ميتانييان لەناوچەی

خابوور دامەزراند، بەمەوە هەڕەشەی لەناوبردنیان لە مەملەکەتی ئاشوور کرد.

## ئێران و ئێرانییەکان(*)

لە سەدەی نۆیەمی پێش زایین، شەپۆلێکی ئاریایی بە سەربانی ئێراندا پیلی داو گەیشتە دامێنی ڕۆژهەڵاتی چیاکانی زاگرۆس لە ڕۆژئاوای بانەکە. ئەمە شەپۆلی دووەمی ئارياييەکان بوو. لەوە بەدواوە بانەکە، بە پێی گۆکردنی میدیی، ناوی بوو بە ((ئێریانا)) کە مانای (وڵاتی ئاریاکان) دەدا. وشەی (ئێریانا) پاشان گۆڕانی بەسەر داهات و بوو بە (ئێران) و ئینجا بوو بە (ئیران). لێرەدا بە گەلەکەیان دەگوت ئیرانی.

ئەم شەپۆلە لە زۆر خێڵ پێک هاتبوو، هەرە دیارەکانیان ئەم سییانە بوون: میدییەکان و فارسەکان و پارثییەکان. میدییەکان لەناوچەی هەمەدان - کرماشان و چیاکانی دەروروبەریان، لە کوردستان دامەزران، فارسەکان، لە کۆتاییدا، لە بەشی باشووری ڕۆژئاوای بانی ئیران لە ناوچەی

---

(*) لە ئینگلیزییەدا: ئیرانییەکان و ئیران.

پرۆسپۆلیس وشیراز دامەزران کە وڵاتی فارسە، ئەمە دوای ئەوە بوو کە مەملەکەتی عیلامیان داگیرکرد. پارثییەکان لە هەرێمی خوراسانی ئێستا دامەزران.

دوو سەدەی یەکەم، ئەمیدییەکان و فارسەکان پێیان نەکرا بخزێنە ناو دەشتەکانی رۆژئاوای زاگرۆس، چونکە ئاشوورییەکان لە ترۆپکی دەسەڵاتدا بوون و وەکو دیوارێکی رِك و نەبڕ وەستا بوون و رێیان لەبەرەو پێشچوونی ئایندەیان گرتبوو.

لەگەڵ ئەوەشدا، میدییەکان توانییان لە ٦٧٨ پ.ز حکوومەتێکی ئیرانی و ئیمپراتۆریەتێك بێنن کە پایتەختەکەی لەهەمەدان بوو. میدییەکان بە هاوپەیمانی لەگەڵ بابلییەکان، ساڵی ٦١٢ پ.ز ئاشوورییەکانیان وردو خاش کرد، بەڵام کورووشی پاشای ئەخمینی فارسی، کە پایتەختەکەی لە سووسە بوو، سووسەی کۆنە پایتەختی عیلام، توانی ساڵی ٥٥٠ پ.ز فەرمانڕەوایی بەرەبابی میدییەکان برووخێنێ و بچێتە سەر عەرشی ئیمراتۆریەتی ئێران. ئیمراتۆریەتی ئەخمینی، کە کورووشی گەورە

دایمەزراند، لەگەڵ داگیرکرانی ئیران لە لایەن ئەسکەندرەرەوە، لە ٣٣٠ پ.ز تێك و پێك چوو.

فەرمانڕەوایی گریکی - مەکدۆنی لە ئیران لەسەر دەستی ئیرانییە پارثییەکان کۆتایی پێهات کە لە کۆتاییدا، لەسەردەمی فەرهادی دووەم (١٣٨ - ١٢٥ پ.ز) ئیرانیان ڕزگارکرد.

هەر لەوان ڕۆژاندا، شەپۆلی سێیەم لە فەرغانەوە (باشووری تاشکەندو سیر دەریا) هاتن و گەیشتنە بانی ئیران. ئەمانە (ساکا) بوون و لەو ناوچەیە دامەزران کە دواتر ناوی بوو بە ساکستان، ساجستان بە عەرەبی، وسیستانی ئەمڕۆ. ساکایەکان، کە گریکە کۆنەکان پییان دەگوتن (سیتی - Scythes)، خێڵی هیندو ئیرانی بوون و هەرلە یەکەم هەزارەی پێش زایینەوە لە نێوان دانووب و چیندا بڵاوببونەوە.

شا ئەردەشیری پاپەکانی دامەزرێنەری مەملەکەتی ساسانی فەرمانڕەوایی پارثی لەناو برد کە نزیکەی پێنج سەد ساڵی خایاند (٢٥٦ پ.ز - ٢٢٦ ز)، پاش ئەوەی کە دوا دەسەڵاتداری لێ کوشتن بە ناوی شاهنشا ئەردەوانی پێنجەم (٢٢٦ ز). ئەردەشیر فەرمانڕەوایی فارسی و

ئیمراتۆریەتی فارسی دامەزراند کە ئەویش لەگەڵ هاتنی ئیسلام (٦٥٢) لەناوچوو. ئەمە بوو چارەنووسی مێژوویی ئیرانی کۆن و ئیرانییەکان.

## زمانە هیندوئەوروپییەکان

هەروەکوو چۆن ئەو زمانەی هیندوئەوروپییەکان بەر لەوەی لە وڵاتی ئەسلی خۆیان کۆچ بکەن پێی دەدوان پێی دەگوتری هیندوئەوروپی، هەر بەم جۆرەش زمانەکانی ئەمڕۆی نەتەوە هیندوئەوروپییەکان، کەلەو زمانە کەوتوونەتەوە، پێیان دەگوترێ: خێزانی زمانە هیندوئەوروپییەکان. ئەم زمانانە بریتین لە: زمانی ئاریایی (هیندو ئیرانی) و ئەرمەنی و ئەلبانی و گریکی و ئیتالی و کلتی و جەرمەنی و زمانە بەلتۆ - سلاڤییەکان.

لێرە ئێمە بە شێوەیەکی سەرەکی بایەخ بە پێناسەی زمانە ئیرانییەکانی کۆمەڵەی هیندوئیرانی دەدەین. ئینجا بەدرێژی پێناسەی زمانی کوردی دەکەین و لە بنچینەو شوێنی لەناو خێزانی زمانە ئیرانییەکان دەکۆڵینەوە.

## زمانە هیندو ئیرانییەکان

پاشماوەی سەرەکی، ئەوەی لەزمانە هیندو ئیرانییە کۆنەکان ماوەتەوە لە هیندوئیران، سێ زمانن: زمانی ڤیدی لە هیند، زمانی ئەڤیستایی و فارسی کۆن لە ئیران. ئەم سێ زمانە کۆنە ئەوەندە لەیەك نزیك بوون، ئەوەی یەکێکی لەو سێ زمانە بزانیبایە، بەبێ هیچ گیروگرفتێك لەو کەسانە دەگەیشت کە بەدوو زمانەکەی دی دەدوان، بەڵام بە تێپەڕینی ڕۆژگار ئەم زمانانە لە ژینگەی خۆیاندا گۆڕانی ئەوەندە گەورەیان بەسەرداهات تا وای لێهات ئەو کەسەی تەنیا یەکێکی لەو سێ زمانە بزانیبایە، نەیدەتوانی لەدوو زمانەکەی دی بگا.

## زمانە هیندییەکان

کۆنترین زمانی هیندی زمانی کتێبە پیرۆزەکانی ڤیدایە. ویردەکانی ڕیك - ڤیدا، کە یەکەم کتێبە لە چوار کتێبەکەی ڤیدا، لەهەموو زمانە هیندو ئەوروپییەکان کۆنترە، بۆ سەدەی پازدەمی پ.ز دەگەڕێتەوە.

زمانی سەنسکریتی، کە بوو بە زمانی ژیارو ڕۆشنبیری، لە زمانی ڤیدییەوە چووزەرەی داوە. هەندێ شێوەزاریش لە زمانی ڤیدیۆ - سەنسکریتی پەیدابوون بە ناوی (پراکریك)، کەپاشان چەند زمانێکی جیاجیای لێ پەیدابوو وەکوو: پەنجابی، گوجاراتی، مەهراتی، بەنغالی، هندستانی (ئوردو)، سندی، هتد......

## زمانە ئێرانییە کۆنەکان

وا دیارە ئەو خێڵەئاریاییانەی لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆیەمی پێش زانییەوە بەسەر بانی ئێراندا کەوتنە شەپۆلدان، بە زۆر شێوەزاری خێڵەکی جۆراوجۆرو لەیەك نزیکەوە دەدوان. ئەو خێڵە سەرەکییانەی ئێمە لە مێژووی ئێرانەوە شێوەزارەکانیان دەزانین ئەمانەن: میدییەکان، فورسەکان، پارثەکان، ساکایەکان و سوغدییەکان، جگە لە کوردی ئاریایی کە لەوانەیە پێش کۆچی ئاریاکان کە بانی ئێرانییان بەناوی خۆیان کرد، ئەوان هاتبنە زاگرۆس و ناوچەکانی دەوروبەری.

لەم خێڵە ئاریاییانە تەنیا میدییەکان و فورسەکان دەقی کۆنی زمانەکانیان ماوەتەوە. ئەم

دوو زمانە، کە تاکە پاشماوەی نموونەی زمانە هیندوئیرانییەکانن، بابە گەورەی شێوەزارە نوێو ناوەڕاستو ڕۆژاوای - ناوەندییەکانن.

## میدیی کۆن - زمانی ئەڤیستایی

زمانی میدیی زمانی ئیمپراتۆریەتی میدیا بوو. تۆژەرەوە شارەزاکان بڕوایان وایە ئەو دەقانەی لە زمانی میدیی کۆن ماونەتەوە، ئەو زمانەیە کە ئەڤیستای کتێبی پیرۆزی زەردشتی پێ نووسراوە، واتە ئەڤیستاییە.

دارمستەتەر، ڕاستی دەکرد کە بڕوای وابوو ((زمانی ئەڤیستایی زمانی کۆنی میدیایە)). ئەو پێشنیاز دەکا کە ((زۆر ڕاستترە ناوەکەی بگۆڕێو بکرێو بە زمانی میدیی))[1]. تێدێسکۆ سەلماندوویەتی کە زمانی ئەڤیستایی سەربە کۆمەڵەیەکی زمانە ئیرانییەکانی باکووری - ڕۆژئاوایە[2]. هورزفیلدیش دەڵێ: ((مەبەست لە

(1) J. Darmesteter و Etudes Iraniennes (1883) و Vol. 1 و P. 13.

(2) Herzfeld و Zoroaster and Hisword و Vol. II. P. 421.

باکووری - ڕۆژئاوا میدیایەو ئەڤیستا شێوەزارێکی میدییە))[٣].

لەڕاستیدا، لە ڕووی جیاوازیی دەنگسازیی نێوان ئەڤیستایی و فارسی کۆن، زمانی میدی لەگەڵ ئەڤیستاییدا یەك دەگرێتەوە[٤]. کەواتە لەکاتیکا کە زمانی ئەڤیستایی و زمانی فارسی کۆن بەدوو زمانی سەربەخۆو جیا دادەنرێن لە ڕووی دەنگسازیو وردە جیاوازییەکانی تریانەوە، ما قوول نییە زمانی ئەڤیستایی و زمانی میدیی بەدوو زمانی جیاو سەربەخۆ دابنرێن. لەوە دەچێ زمانی گاتاکان شێوەزاری سەرەکی زمانی میدیی کۆن بووبێ، هەروەکوو ئەوەی کە زمانی قورئان شێوەزاری سەرەکی زمانی عەرەبییە.

کۆنترین بەشی ئەڤیستا گاتاکانە، کە زەردەشت خۆی بە شیعرو بەزمانی زگماکی خۆی نووسیویەتی (نیوەی دووەمی سەدەی شەشەمی پ.ز).

---

( 3) Ibid.

( 4) Ronald G. Kent و old persian (1950)و P.8.

زەردەشت خۆی میدیی بوو. بەشەکانی دواتری ئەڤیستا بەگشتی بە پەخشان نووسراون. بەشە هەرە نوێکەیان لەسەدەی چوارەمی زایینی نووسراوە. زمانی بەشەکانی دواوەی ئەڤیستا، لەچاو زمانی ڕەسەنی گاتاکان، تووشی شێوانی زمانەوانی هاتووە. لەسەردەمی ساسانییەکان، تەنیا زانا ئایینییە زەردەشتییە پسپۆڕەکان (مووغەکان) زمانی گاتاکانیان پێ دەخوێنرایەوەو تێی دەگەیشتن.

## فارسی کۆن

زمانی فارسی کۆن ئەو زمانەیە کە هەموو نووسینە هەڵکەنراوەکانی پاشا ئەخمینییەکانی پێ‌نووسراوە. ئەم نووسینانە لە ئێران‌و لە وان‌و لەتەك جۆگای سوێس دۆزراونەتەوە. هەرەگەورەکانیان ئەوانەی چیای بیستونن. ئەمانە هی داریووشی گەورەی یەکەمن (٥٢١ - ٤٨٦ پ.ز). دوا نوسینی ئەم بەرەبابە ئەوانەی (ئەرتاخەرخیس)ی دووەمن (٣٥٩ - ٣٣٨ پ.ز). تا ئێستا تەنیا نزیکەی ٦٠٠ (شەش سەد) وشەی جیاو سەربەخۆ لەم زمانە کۆنە دۆزراوەتەوە. لە

سەرەتای سەدەی پێنجەمی پێش زایینەوە نیشانەی گەشەکردن بە زمانی ئەم نووسینانەوە دیارە. ئەم زمانە زمانی ئەو فارسانە بووە کە لە باشووری - ڕۆژئاوای بانی ئیران دەژیان و نزیکترین زمانە لە زمانی فارسی نوێ لە چاو زمانە ئیرانییە نوێکانی ترەوەو بە زمانی فارسی کۆن ناسراوە. زمانی فارسی کۆن زۆر شتی لە زمانەکانی ترەوە وەرگرتووە. کاریگەری سەرەکی دەرەوە لەسەریا، لە زمانی میدییەوە هاتووە کەلە جیاوازیی دەنگسازیی و وشەی فەرهەنگیدا هەیەو، ڕەنگە لە شێوەی ڕێزمانیشدا هەبێ[٥].

کورووشی گەورە (٥٥٩ - ٥٢٩ پ.ز) بە ئاسایی دەستی بەسەر دەسەڵاتی میدیی و نازناوی پاشایەتی میدیی داگرت[٦].

---

(5) Roland G. Kent و old Persian (1950) و P. 8.

(6) Ibid.

## زمانە ئێرانییەکانی ناوەڕاست

لەماوەی شڵەژانی کۆمەڵایەتی و ئایینی کە یەکسەر دوای داگیرکردنی ئەسکەندەر بەسەر ئێران داهات، زمانە سەرەکییەکانی ئێران گەشەسەندنی زۆریان بەخۆیانەوە بینی. ئەم گەشەسەندنانەی شێوەزارە ئێرانییە پەتییەکان پێش داگیرکردنی ئەسکەندەر دەستی پێکردبوو، هەروەکوو لەگەشەسەندنی زمانی فارسی کۆندا دەردەکەوێ کە هەرلە سەدەی پێنجەمی پێش زایینەوە هاتبووەکایەوە. لەسەدەی یەکەمی زاییندا، هیچ ئێرانییەك نەیدەتوانی بە ئاسانی لە زمانی باپیرە گەورەکانی بگات کە (٥٠٠) (پێنج سەد) ساڵ پێش سەردەمی ئەم ژیابوون. پاشماوەکانی ئەم شێوە گەشەسەندووانەی زمانە ئێرانییەکان پێیان دەگوترێ ئێرانی ناوەڕاست. دەقەکانی زمانە ئێرانییەکانی ناوەڕاست کە ئێستا ماون، تەنیا لەم شێوانەی ناوەڕاستی زمانی میدیی - ئەڤێستایی و فارسی کۆن پێك نەهاتوون، بەڵکو شێوەی ناوەڕاستی زمانەکانی پارثی و ساکایی و سوغدیشیان تێدایە. بە جۆرێکی تر بڵێین پاشماوە کۆنەکانی ئەم سێ

زمانە تەنیا بۆ سەردەمی ئێرانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە.

دەشێ پاشماوەی زمانە ئێرانییەکانی ناوەڕاست بەگوێرەی سیما و هەڵکەوتی جوگرافییان دابەشی سێ کۆمەڵە بکەین:

١ - کۆمەڵەی ڕۆژهەڵات:

ئەم کۆمەڵە لە خوارەزمی و سوغدیی ناوەڕاست و ساکایی ناوەڕاست پێك دێ. سوغدی ناوەڕاست ئەو پاشماوانە دەگرێتەوە کە لە سوغدییەکان و گەلانی ئێران جێماوە، ئەوانەی لەنێوان دوو ڕووباری (ئامو - داریا) (ئوخوس) و (سیر - دەریا) (جاخارتس) نیشتەجێ بوون. کۆنترین پاشماوەی دەگمەنی سوغدیی ناوەڕاست بۆ سەرەتای سەدەی یەکەمی زایینی دەگەڕێتەوە، بەلام ئەو پاشماوە سوغدییانەی لەناو ئەو دەقە مانیانە دۆزراونەتەوە کە لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا (سەدەی ٢٠ - و - ) لە تورفانی تورکستانی چین دۆزراونەتەوە، بۆ سەدەی هەشتەم و نۆیەمی زایینی دەگەڕێنەوە. لەزمانی خوارەزمیدا هەندێ پاشماوە هەن نووسەرە

عەرەبەکان پاراستوویانن. زمانی ساکایی ناوەڕاست لەژمارەیەک دەقی ئیرانی پێک دێ کە لەتورکستانی چینی، لە خوتەن و شوێنی دیدا دۆزراونەتەوە. ئەمە زمانی (ساکا) کانە کە لەدواچواریەکی سەدەی دووەمی پ.ز کۆچیان کردووە بۆ ئیران و ئاخیری لەو ناوچەیە گیرساونەتەوە کە پاشان ناویان نا ساکستان[٧]،

---

(٧) جەنگنامە کوردییەکان، کە بەشیعر نووسراون، زۆر ئەفسانەیان تێدایە هەندێکیان لە شانامەی فیردەوسی وەرگیراون. لەوانە: کتێبێ هەیە باسی شەڕێکە لەنێوان ئیرانییەکان و توورانییەکان ڕووی داوە و لەشکری پاشای دێوان پشتگیری کردوون. ڕۆستەمی پاشای ساکستان، کە گەورەترین پاڵەوانی ئیرانییە، زالی باوکی فەرمانی پێکرد بەپەلە فریای ئیرانییەکان بکەوێ و ڕزگاریان بکا. ئەوسا ڕۆستەم بەلەز خۆی گەیاندە شەڕو لەوکاتەی کە لەشەڕگەدا نزیک دەبووەوە بەزمانی زابولی ئەسپە ناودارەکەی خۆی، کە پێیان دەگوت ڕەخش، ئاگادارکردەوە و گوتی: "لەکۆڕژنی حیلەی تۆڵەسەندنەوە مەدە بۆ ئەوەی من بتوانم بەبێ دەنگی بچمە ناو لەشکرەوە". ڕەخشی تۆڵەسێن بەگوێی کردو بەبێ دەنگی دوعای بۆ کرد: "خوای بێ مانەند چەپاڵەت بدا". زمانی زابولی بەهەڵە بۆ زمانی ساکستانی بەکارهاتووە، بڕوانە:

ساگستان، سیستان، ساجیستان، هەروەکو لەسەرەوە باس کرا.

٢ - کۆمەڵەی باشووری ڕۆژئاوا:

ئەم کۆمەڵە لەفارسی ناوەڕاست پێك دێ کە نووسین و کتێبی بەزمانی پەهلەوی و پازەند لێ بەجێ ماوە، هەروەها دەقی فارسی ناوەڕاستی پەتیش لەتورفان دۆزراونەتەوە. ئەم زمانە باشووری - ڕۆژئاواییە، کە لەفارسی کۆن کەوتۆتەوەو فارسی نوێی لێ کەوتۆتەوە، پێی دەگوترێ: فارسی ناوەڕاست.

پەهلەوی[٨]:

پەهلەوی ناوێکە بۆ تێکەڵەیەکی سەیری وشە ئێرانی و بیانییەکان و بەشێوەیەکی گشتیش بۆ ئارامییەکان بەکاردێ کە شێوازی (زڤارش)ی تێدا بەکاردەهات. پەهلەوی زمانی قسەکردن نەبوو.

---

A.G. Warner & E Warner The Shahnama of
. Vol و Firdausi 1 P396.

(٨) وشەی (پەهلەوی) لەوشەی (پەرثاڤا)ی فارسی کۆنەوە هاتووە (لەنووسینەکانی بێستوون)، کە مانای (پارثی و پارثییا = وڵاتی پارث) دەگەیەنێ. (پەهلەوی، پەهلەویك) لەبنچینەدا مانای (پارثی) دەدا.

ئەم زمانە دەستکردەی نووسین بۆ ماوەی پاش ئەخمینییەکان دەگەڕێتەوەو لەسەردەمی مەکدونی - گریکی و پارثی و ساسانی و تەنانەت لەسەردەمە زووەکانی ئیسلامیش هەر بەردەوام بوو. ئەلف و بێی پەهلەوی ئەلف و بێیەکی ئاڵۆزو ناتەواوە. وشەکان بەتیپی مەزەندەیی و بە ئیملایەکی چەسپیو دەنووسرێن. دوو جۆرە پەهلەوی هەبوو: یەکەم پێی دەگوترا پەهلەوی فارسی و دووەم ئێستا پێی دەگوترێ پەهلەوی ئەشکانی.

## پەهلەوی فارسی:

پاشماوەی پەهلەوی فارسی لەمانە پێك دێ: نووسینی سەرپارەو بەردی پاشا ساسانییەکان و کتێبە ئایینییەکان کە لەهەموویان گرنگتر وەرگێڕانی ئەڤیستایە، لەگەڵ زەند (لێکدانەوەی ئەڤێستا) و کاری عیلمانی تر.

## زڤارش:

زڤارش بەلای ئیبن موقەففەعەوە شێوازێکی نووسین بوو. وشەکە بەئارامی دەنووسرا بەڵام

بەئیرانی دەخوێنرایەوە. ئیبن موقەففەع (لە ٧٦٠ز مردووە)، کە بەرهەمی ئەدەبیی کەلیلەو دیمنەی لەپەهلەویی فارسییەوە کردووە بەعەرەبی، دەڵێ پەهلەویی فارسی نزیکەی (١٠٠٠) (هەزار) وشەی تێدایە بەئارامی دەنووسرێن و بەفارسی دەخوێنرێنەوە. بۆ نموونە: وشەی ئارامی (بیسرا)، کە مانای گۆشتە، بەفارسی دەخوێنرایەوە (گوشت). ئەم شێوازە پێی دەگوترا زڤارش.

وشەی پەهلەوی تریش هەن لەئارامی و فارسی لێکدراون، بۆ نموونە: وشەی پەهلەویی فارسی (یەقتەلوتن) (کوشتن) و (یەکتیبوتن) (نووسین)، بەلکاندنی پاشگری (تن)ی ئیرانی، بەوشەی ئارامی (قتل) و (کتب) دروست بوونە. هەروەها وشەی پەهلەوی (ئەبیتەر) (باوك) و (ئەمیتەر) (دایك)، وشەی ئارامی (ئەب) و (ئەم)ن پاشگری (-یتەر) یان وەرگرتووە کە برگەی (تەر) یان تێدایەو ئەویش لەکۆتایی وشە فارسییەکانی (پتەر) و (ماتەر)دا هەیە. زڤارش لە پارتی و هەروەها لە پەهلەویی فارسی بەکاردەهات. پەهلەویی باشووری - ڕۆژئاوایی زۆر وشەی

لەزمانی ئەڤیستا وەرگرت دوای ئەوەی کە ئەڤێستا کرا بە پەهلەوی‌و زەندیشی (لێکدانەوەی) هەر بە پەهلەوی نووسرابوو.

## پازەند:

پازەند شێوەیەکی نوێی پەهلەوی - باشووری - ڕۆژئاواییە، شێوازی زڤارشی تێدا بەکار نەهاتووە، واتە: وشەی ئێرانی پەتی هێمای بیانی گرتۆتەوە. پازەند بەئەلف‌و بێی نوێ‌و دروستی ئەڤێستایی نووسراوەتەوە کە (ئاتورپاتی مەهراسپەندان) لەسەدەی چوارەمی زایینی دایهێناوە، هەروەکو بەئەلف‌و بێی فارسیش دەنووسرێ.

## فارسی ناوەڕاستی دۆزراوەی تورفان:

لەسەرەتای ئەم سەدەیەدا (سەدەی ٢٠ - و -) کۆمەڵە دەقێکی مانەوی لەتورفانی تورکستانی چین دۆزرایەوە. ئەم دەقانە بەزمانی جۆراوجۆرن، وەکو: فارسی‌و پارثی‌و سوغدی‌و تورکی‌و چینی. دەقە ئێرانییەکانی تورفان، بەپێچەوانەی ئەو دەقانەی لەگەڵ هێمای ئارامی تێکەڵاون، بەزمانی ئێرانی پەتی نووسراون. یەکێ لەو دەقە

ئیرانییانە بەهەمان زمان نووسراوە وەکوو فارسی پەتی دەقە پەهلەوییەکان، بۆیە وای بۆ چوون ئەمە زمانێکی باشووری - رۆژئاواییەو پێی دەگوترێ فارسی ناوەڕاست. لەوە دەکا ئەم زمانە لەزمانی فارسی پەتی دەقە پەهلەوییەکان نوێتر بێ، بۆ نموونە:

| پەهلەوی | فارسی ناوەڕاست |
| --- | --- |
| گورت | گورد |
| کەرتەك | کەردەگ |
| هەمەك | هەمەگ |

لەم نموونانەدا، تێبینی دەکرێ کە (- رت) و (- ەك) و (- ەك) لەفارسی ناوەڕاستی تورفان گەشەیان کردووەو بوون بە (- رد) و (- ەگ) و (- ەگ).

ئەم زمانە زۆر زاراوەی ئایینی و کۆمەڵایەتی و پزیشکی و سەربازی و زارەکی و هی تری لەزمانی باکووری - رۆژئاوایی، واتە زمانی پارثی، وەرگرتووە.

## ٣ - کۆمەڵەی باکووری - رۆژئاوا:

تاکە بەڵگەیەك لەو کۆمەڵەیە مابێتەوە بۆ زمانێکی ئێرانی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە کە ئێمە پێی دەڵێین: پارتی. ئەمە زمانی ڕەسمی ئەشکانییەکان بوو. کۆنترین دوو دەقی پارتی، کەلە هەورامانی کوردستانی عێراق دۆزراونەتەوە، بۆ ٨٨پ.ز و ٨٨ز دەگەڕێنەوە. هەردووکییان بەپەهلەوی نووسراون، واتە بەهێمای ئارامی تێکەڵ بەپارتی. جگە لەمانە، چەند دراوێك، کە نەخشی هەمان پەهلەوییان لەسەرە، بۆ سەردەمی ئاشکانییەکانی دوای ئیسلام دەگەڕێنەوە. پاشا ساسانییە کۆنەکانیش (٢٢٤ - ٣٠٣ز)، شان بەشانی دەقە پەهلەوییە فارسییەکان، نووسینیان بەپەهلەوی - پارتی جێهێشتووە. ئەم پەهلەوییە - پارتییە پێی دەگوترا: کالدۆ - پەهلەوی تا ئەوکاتەی کە شێوە ئێرانییە پەتییەکانی زمانی فارسی و ئەشکانی لەتورفان دۆزرانەوە.

### پارتی ناوەڕاستی تورفان:

ئەو کاغەزەمانەوییە دۆزراوانەی لەسەرەوە باس کران، دەقی ئێرانی پەتیی ئەم زمانەشیان تێدابوو. وای بۆچووبوون کە زمانی ئەم دەقە

ئیرانییە پەتییانە هەمان شێوەی ئیرانی پەتیی ئەو زمانەبووە کە پێی دەگوترا کالدۆ - پەهلەوی؛ بۆیە بەم زمانەیان دەگوت پەهلەوی‌و زاراوەی کالدۆ - پەهلەوی گۆڕاو بوو بە پەهلەوی - پارثی. زمانی پارثی سەربە باکووری ڕۆژئاوای ئیرانەو بڕوادایە کە ئەمە زمانی ڕەسمی ئەشکانییەکان بووبێ. نوێترین‌و وردترینی ئەم دەقە مانەوییانە بەپارثی پەتی بۆ کۆتایی سەدەی چوارەمی زایینی دەچێتەوە. نووسینەوەی دەقی پارثی مانەوی بەهێمای چینی، بۆ سەدەی هەشتەم‌و نۆیەمی زایینی دەگەڕێتەوە.

## پوختەیەکی پێش وەخت

دەبێ لێرەدا داوای بووردن بکەم کە پوختەیەکی پێش وەختی ئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمان پێشکەش دەکەم لەبارەی بنچینەی زمانی کوردی و شوێنی ئێستای بەگوێرەی زمانی فارسی نوێ. ڕاستییەکەی، هەردەبوو ئەم پوختە زووەی ئەنجامەکە پێشکەش بکەم بۆ ئەوەی بۆ جاری سێیەم، لەماوەی زیاتر لەچواریەکە سەدەیەك، ڕازی نەبوونی خۆم لەهەندێ بیردۆزی چەوتەوە لەبارەی بنچینەی کورد دەربڕم کە بەشێوەیەکی تایبەتی لەناو نووسەرانی کوردا باوە.

هەر لەسالآنی زووی چواریەکی دووەمی سەدەی ئێستا (سەدەی ٢٠ – و –) بیردۆزی سەیر سەریان هەڵداوە وەکوو ئەوەی دەڵێ کورد سەر بە زاگرۆس و گەلی دەوروبەرین، وەکوو: سوباری و حوری و نایری و گوتی و لوللوبی و ئورارتوو عیلامی کە هەموو زمانەکانیان لەیەك کۆمەڵەدا کۆدەبێتەوە بەناوی: قەوقاسی، و ئەو ناوەش هەر بەسەرەڕۆیی داندراوە. کورد، بەلای

هەندێکــــەوە، پـــەیوەندی بـــە (کـــ(۱) رت)ی جۆرجییەوە هەیە. لەئەنجامدا چەمکێکی سـەیر باوی سـەند دەڵێ دەشێ هەریەکـە لـەو گەلانـەی ناویان هات بابە گەورەی کوردان بن.

هەندێ نووسەری کورد بەشێوەیەکی سەرەکی قەناعـەتیان بـەم بیردۆزانـە هێنـا و کەوتنـە بڵاوکردنـــەوەو دارشـــتنی بەدەســــتەواژەی جۆراوجۆر. تـا ئێسـتا مـن دوو جـار بەنووسـین دەرمبڕیوە کـە بـەم بـیردۆزە چەوتانـە ڕازی نیـم: یەکـەم جـار لـەگۆڤاری کـوردی (گـەلاوێژ) (ژ:۲، حوزێرانی ۱۹٤۰، بەغدا)و دووەم جار لە گۆڤاری کوردی (پێشکەوتن)، ۱۹۷٥.

بێگومان هیچ پەیوەندییەك لەنێوان کوردو هیچ یـەکێ لـەو نەتەوانـە نییـە کـە زمانـەکانییان بـەر زاراوەی (قەوقاسـی) دەکـەوێ. ئەگـەر کـورد لـەو کۆمەڵە بوونایە، دەبوایە هەندێ پاشماوەی زمانە قەوقاسـییەکانیان بپاراسـتایە. بەپێچەوانـەوە، تەنانەت یەك وشە چییە لەکوردیدا نییە بۆ ئـەو شـێوەزارە قەوقاسـییانە بچێتـەوە. هەرچـەندە گوتییـە بـەزیوەکان و لوللوبییـەکان لـەنیوەی یەکـەمی ســەدەی حـــەڤدەمینی زایینـــی،

لەشارەزوورو ناوچەکانی باکوورو باشووری، هەرمابوون.

تۆژەرەوەی ڕووسی ن.ج. مار، کە هەوڵی دەدا پەیوەندی نێوان جۆرجییەکان و کورد بسەلمێنێ، ساڵی (١٩١١) دەڵێ: هەندێ وشەی زمانی کوردی ئێستا هەن دەشێ بەپاشماوەی زمانی کوردی سەرەتایی دابنرێن کە ئەویش لەکۆمەڵەی (کـ (١) رت)ی لقی جافی[١] بووە.

بۆ نموونە وەکو :

| کوردی | (کـ (١) رت) | ماناکەی |
|---|---|---|
| باو (بام) | مام | باوك |
| دە // دا، دییا | دەد | دایك |

پێویست ناکا گفتوگۆ لەسەر بەڵگەو نموونەکانی مار بکەین، چونکە تەواو بێ بنەماو نادروستن. کورد لەبنچینەی هیندۆ ئیرانین. زمانەکەیان وەچەی ئەڤیستایی - میدییە هەروەکو ڕوون کرایەوە. لەگەڵ ئەوەشدا کوردی لەبنچینەدا شێوەزارێکی هیندوئیرانی سەربەخۆ بووە.

---

(١) Basile Niktine، Les Kurds، P.4 et n.1

زمانی کوردی نوێ، ئێستاش، هەندێ وشەو دەنگی تێدایە بۆ سەردەمی هیندو ئەورووپی هەرە باڵا دەگەڕێنەوە، واتە بەر لە گەشەسەندن و گۆڕانەکانی دەنگسازی لەمیدی کۆن و فارسی کۆن، لەچاو زمانی میدییەوە.

ئەگەر کورد هیندو ئەورووپی نەبوونایە لەناوەچوون و ناویان لەلایەن داگیرکەرە ئارییاییەکانەوە دەسڕایەوە کە کۆتاییان بەنەتەوە قەوقاسییە ئەسڵەکانی زاگرۆس و ناوچەکانی دەوروبەریان هێنا. ئەم نموونانەی خوارەوە، لەو وشە کوردیانەن کە لەڕووی دەنگسازییەوە لەئەڤێستایی و فارسی جیان و بەپێچەوانەوە لەگەڵ سەنسکریتیدا یەك دەگرنەوە:

| کوردی | سەنسکریتی | ئەڤیستایی | فارسی کۆن | فارسی نوێ | ئەڵمانی | رووسی | لیترانی | پۆلەندی | هەنگاری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| باهو[2] (بازوو) | باهو | بازو | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- |
| هانا (دارای یارمەتی) | هاڤانا | زاڤانا | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- |
| سۆما[3] | سۆما (روەکی پیرۆز) (مانگ[5]) | هازما (روەکی پیرۆز) | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- |
| باش | ئاسز | ئۆهز | ئاهو | باه | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- |
| دەرو (دورمان) | دارهـ گر (گرتن، توندکردن) | دارەز (گرتن، توندکردن) | ---- | دارزی (دور مانکەر) | ---- | ---- | ---- | ---- | ---- |
| بەران[1] | نورانا | ---- | ---- | ---- | ئارنی | بەران | بارونیز | بارانی | بارا |

<u>(پەراوێزەکانی خشتەی لاپەرەی پێشوو)</u>

(١)باجەلانی (باهو)، لوڕی (باهی)، بەختیاری، شوشتەری، دزفولی (بۆیی)، ئارامی (باهو وەند) (بازوبەند). لەوانەیە (باهو) لەشێوەزارەکانی ڕۆژهەلات لەبنچینەدا هیندی بێ.

(١) گۆرانی (ڕوناکی)، گیلاکی (گەش)

(١) بە بەلوچی (گوراند).

(١) لە ئەثارنا - قۆدا (سۆما) مانگە؛ لەزازا (ئەشما) مانگە.

## دووەم

لەندەن ١٩٦٤

## ( پارتیکل )ی بکەرنادیاری هیندوئیرانی نموونەیی (- یا -) لەکوردیدا

### لیکۆڵینەوەیەکی مانەوەی مۆرفیمی بکەرنادیاریی هیندوئیرانی نموونەیی (- یا -) یە لەزمانی کوردیدا.

١ - پاشبگری (- یا -)ی بکەرنادیاری هیندو ئیرانی نموونەیی لەدوو زمانی کۆنی ئێرانی بەکارهاتووە: ئەڤێستایی و فارسی کۆن.

٢ - دەقە بلاوکراوەکانی زمانی پارثی لەچەند نموونەیەکی کەمی قەد (Stem)ی بکەر نادیاریان زیاتر تیدا نییە کە بەهۆی پاشگری (- یا) وە دروست بوونە[1]

(1)A. Ghilain, Essai sur la langue Parthe, P. 93.

بۆ دروست کردنی شێوازی (نیمچە بکەر نادیار - middle voice) بڕوانە ل٩٣ - ٩٤. بۆ دروست کردنی شێوازی بکەرنادیار - (v) Passive لە کاری تێپەڕ بە یارمەتی کاری یاریدەدەر - auxilliary (- ١ه) (بوون) بۆ ئیستاو (باڤ) (بوون) بۆ ڕابردوو، بڕوانە ل ١١٧ - ١١٨.

٣- لە زمانی فارسی ناوەڕاستدا (تورفان)، شێوە کۆنەکانی دروست بوونی شێوازی بکەرنادیار بە (- یا)، بە تەواوی لە ناوچووە[٢].

٤ - ئەم پاشگرە، کە لەمەودوا، لەم وتارەدا بە (پ. بن. ئا. ك)، یان هەروا بە پاشگری بکەرنادیاری (- یا)، ناو دەبرێ، بە میرات بۆ فارسی نوێ و ئەفغانی و بەلوچی نەماوەتەوە، کەچی دەوسی زۆر کەمی لەسەر هەندێ شێوەزاری ئێرانی ناوەندیی جێهێشتووە، وەکوو: یارانی و ناتانزی[٣].

---

(2)W. Henning، Das Verbum Des Mettelpersischen der Turfan Fragmente, Zeitschrift for lranistic, PP . 210 – 211.

بۆ دروست کردنی شێوازی بکەرنادیار لە فارسی ناوەڕاستی تورفان، بڕوانە هەمان وتاری هینینگ؛ بۆ دروست کردنی شێوازی بکەرنادیار لە کتێبی - پەهلەوی بڕوانە:

J. Darmesteter، Etudes Iraniennes، V. I. PP 235 – 237.

(3) A. Christensen, Contribution à la Dialectologie Iranienne، PP. 140 – 251.

٥ - (- یا) ی (پ. بن. ئا. ك) لە شێوەزارەکانی زمانی کوردی: کر (کرمانجی)و زازاو گۆرانی بەکار دێ، بەڵام لە شێوەزاری لوڕیدا شێوازی بکەرنادیارو نیمچەبکەرنادیار بە شێوەی جۆراوجۆرو جیاواز دروست دەبن[٤].

مەبەست لەم وتارەدا ئەوەیە هەوڵ بدەین لە مانەوەی (- یا)ی (پ. بن. ئا. ك) لە کوردیدا، لەگەڵ بەکارهاتن و گۆڕانەکانی بکۆڵینەوەو لەبەرئەوەی شێوەزاری سەرەکی کوردی (کر)ە، لە درێژی لێکۆڵینەوەکەماندا خۆمان بە ئەرك و گۆڕانەکانی ئەم پاشگرە لە شێوەزاری (کر)دا دەبەستینەوە[٥].

---

(٤) بڕوانە بەشی (٩)، تێبینی (٧) وبەشی (١٦) تێبینی (١٢).

(٥) بۆ بەدواداچوونی ناوی ئەو شێوەزارانەی لەم وتارەدا هاتوون، وا چاکە لێرەدا دابەش کردنێکی کورتی بەچکەزارەکانی (کر) پێشکەش بکەین:

أ/ شێوەزاری (کر) دابەش سێ کۆمەڵەی سەرەکی دەکرێ:

(*) (کر)ی (ب) (باکوور): هەندێ لە بەچکەزارەکانی ئەمانەن: بایەزیدی، هەکاری، ئاشیتی، بۆتانی، بادینانی، هتد.

(- یا)ی (پ. بن. ئا. ک) لە شێوەزاری (کر)دا:

٦ - لە شێوەزاری (کر)دا، (-یا)ی پاشگری بکەرنادیار بۆ دوو ئەرک بەکار دێ:

أ/ بۆ دروست کردنی شێوازی نیمچە بکەرنادیار (تێنەپەڕی خۆیی)(٦).

---

(**) (کر)ی (ش) (باشوور): بەچکەزارەکانی ئەمانەن: موکری، سۆرانی، سنەیی، سولێمانی (سول).

(***) کرم (کرماشانی)، بەچکەزارەکانی ئەمانەن: کەلهوڕی، لەکی پشتیکووهی.

ب/ سنووری نێوان (کر)ی (ب)و (ش) نزیکەی لە لێواری باشووری گۆلی ورمێوە بۆ نزیکترین خاڵی سەر زێی گەورە دەڕواو لەوێوە دەوزێ و دەوزێ دەڕوا تا زێیەکە لە دیجلە دەکاتەوە.

ج/ سنووری نێوان (کر) ی (ش) و (کرم) نزیکەی بە هێلی کرمانشاه - خانەقین - قەشقە (جەبەل حەمرین)دا دەڕوا. دابەشکردنی زارە کوردییەکان بۆ یەکەم جار لەوتارێکی مندا هاتووە کەلە گۆڤاری گەلاوێژ (ژ ٤٠، نیسانی ١٩٤٠، بەغدا) بڵاوکراوەتەوە.

(٦) لە ڕێزمانەکەی خۆمدا (دەستووری زمانی کوردی - زاری سلێمانی، ٩٢٩ - ٩٣٠)، من شێوازی نیمچە بکەرنادیارم لەگەڵ کاری تێنەپەڕ داناوە، بەڵام لەوێ پێشانم داوە کە قەدی ڕانەبردووو قەدی شێوازی

ب/ بۆ دروست کردنی شێوازی بکەنادیار.

(- یا)ی (پ. بن. ئا. ك) لەئەرکی شێوازی نیمچە بکەرنادیار، لە شێوەزاری (کر)دا:

٧ - شێوازی نیمچە بکەرنادیار (تێنەپەڕی خۆیی) کارێکی تێنەپەڕە ڕووداوێك دەردەبڕی کە بەسەر بکەرەکەی دێت، بۆ نموونە:

(سول): یارە ترسا.

٨ - ڕەگی (root) شێوازی نیمچە بکەرنادیاری (کر)، دەشی ناوێکی بزۆنی، یان ئاوەڵناوێك، یان ڕەگی کارێك بێت، بۆ نموونە:

(سول):

| | |
|---|---|
| ترس | ترس (ان) |
| ترش | ترش (ان) |
| سووت (ڕەگی کار) | سووت (ان) (شێوازی نیمچە بکەنادیار - سووتان) |

بکەرنادیار بە (٥) کۆتاییان دێ. (بڕوانە ئەم وتارە، بەشی ١٢ و ٢٤).

دروست بوونی شێوازی نیمچە بکەر نادیار لە (کر)دا:

٩ - شێوازی نیمچە بکەرنادیار لە (کر)دا بە هۆی (-یا)ی پاشگری بکەرنادیارەوە(٧) دروست دەبێ و بە پێی دروست بوونی ئەم شێوازە، بە چکەزارەکانی (کر) دابەش دوو جۆر دەبن:

أ/ کۆمەڵە شێوەزارەکانی (کر)ی (ب)و شێوەزاری سنەیی (سن)و کۆمەڵە شێوەزارەکانی (کرم).

ب/ شێوەزارەکانی موکری (موک)و سۆرانی (سۆر)و سولێمانی (سول).

جۆری یەکەم:

١٠ - قەدی ڕانەبردووی شێوازی نیمچە بکەرنادیاری ئەم جۆرە، بە زیادکردنی (-یا)، کە گۆکردنی گەشەسەندووی (-یە-)ی پاشگری

---

(٧) لەهەندێ بە چکەزاری لوڕیدا، چاوگی - infinitive شێوازی نیمچە بکەرنادیار بە هۆی کاری یاریدەدەری (بوون)و پارتیسپلی Participle ڕابردووی کارێکی تێنەپەڕ دروست دەبێ، وەکوو: ڕیختابیان (شێوازی نیمچە بکەر نادیار: ڕشتن).

بکەرنادیارە[٨]، بۆ کۆتایی ڕەگەکەی دروست بووە (بەشی ٨):

| ڕەگ | قەدی ڕانەبردووی شێوازی نیمچە بکەرنادیار |
|---|---|
| ترس | ترسیە (ترسیا) |

١١ - ڕەگی ڕابردووی نیمچە بکەرنادیاری ئەم جۆرەیان، بە زیادکردنی پاشگری پارتیسپلی ڕانەبردوو (-ە)[٩] بۆ ڕەگی شێوازی نیمچە بکەر

---

(٨) لە (کر)دا، گۆکردنی (-یا) لادەکا بەلای (-یە)دا، بەڵام لە هەورامیو زازاییدا، ئەم (-یا)یە وەکو خۆی گۆدەکرێ، بۆ نموونە:

هەورامی: کوش - یا = (کر) (سن): کوژ - یە.

زازایی: کش - یا

(٩) بۆ ئەم ( - ١ - )یەی پاشگری پارتیسیلی ڕانەبردوو، بڕوانە:

j. Darmesteter, Etudes larnienes, V.1. PP. 267, 268

شێوەی (- ەك)، کەلە کتێبی پەهلەویدا هەیە، پاشان گوڕاوەو بووە بە (- ەگ) لەزمانی پارثی (تورفان) و فارسی ناوەڕاست (تورفان)و ئینجا پاشان بووە بە (- ١) لە فارسی نوێدا، بۆ نموونە: کتێبی پەهلەوی (توخشەك)، پارثی (توخشەگ)، فارسی نوێ (توخشا) واتە (وردەکار، چالاك).

نادیار، کە (-یا)ی پاشگری بکەرنادیاری پێوە لکابێ، دروست بووە. ئەوسا بزوێنی کورتی (-١-)ی (-یا-)ی پاشگری بکەرنادیار خۆی لەگەڵ (-١-)ی بزوێن لێکداوەو (-یا-)، (یا +١)ی دروست کردووە، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| ڕەگ | ترس |
| ڕەگی شێوازی نیمچە بکەر نادیار | ترسیە |
| قەدی ڕابردووی شێوازی نیمچە بکەرنادیار | ترسیا |

١٢ - چاوگی شێوازی نیمچە بکەرنادیاری ئەم جۆرەیان، بە لکاندنی (ن)، یان (ـن)[١٠]ی کۆتایی چاوگ بۆ قەدی ڕابردووی نیمچە بکەرنادیار دروست بووە (بەشی ١١)، بۆ نموونە:

---

(١٠) بۆ کۆتایی چاوگی (-ن)ی دوای نەبزوێن و (ن)ی دوای بزوێن بەکاردێ، بەڵام لەژمارەیەك بەچکەزاری (کر)ی (ب)دا، و هەروەها لەشێوەزاری (کرم)یشدا (- ی -) یەکی قەبە دەخزێتە نێوان دوا بزوێنی قەدی ڕابردوو و(-ن)ی کۆتایی چاوگ (-ن، دوای - ی -)، بۆ نموونە لە (کر)ی (ب)دا: چەڕیاین (شێوازی نیمچە بکەر نادیاری چەڕین) (لەوەڕان)، ناین (دانان). لە (کرم)دا، ڕەشیاین (شێوازی نیمچە بکەرنادیاری - ڕژان -)

| ڕەگ | ترس |
|---|---|
| قەدی ڕابردووی شێوازی نیمچە بکەرنادیار | ترسیا |
| چاوگی شێوازی نیمچە بکەرنادیار | ترسیان |

جۆری دووەم

١٣ - قەدی ڕانەبردوو و ڕابردوو و چاوگی ئەم جۆرەیان لە بنچینەدا وەکوو ئەوانەی جۆری یەکەم درووست بووە (بەشی ١٠و ١١و ١٢)، بەڵام لەم جۆرەی دووەمەدا، نەبزوێنی (- ی -) کە لە (- یا)ی پاشگری بکەرنادیاردا هەیە، لێرەدا نەماوە، بۆ نموونە:

| ڕەگ | ترس |
|---|---|
| قەدی ڕانەبردووی شێوازی نیمچە بکەرنادیار | ترسە (ترسیە) |
| قەدی ڕابردووی شێوازی نیمچە بکەرنادیار | ترسا (ترسیا) |
| چاوگی شێوازی نیمچە بکەرنادیار | ترسان (ترسیان) |

* * *

(- یا)ی (پ. بن. ئا. ك) لەئەرکی شێوازی بکەر نادیار لە شێوەزاری (کر)دا:

١٤ - شێوازی بکەر نادیار لەکاری تێپەڕدا، کە بکەر وەکو بەرکاری کارەکە دەنوێنێ، بۆ نموونە:

(سول): یارە کوژرا.

١٥ - ڕەگی شێوازی بکەرنادیار لە شێوەزاری (کر)دا (جگە لە (کر)ی (ب))[11]، بریتییە لەقەدی ڕانەبردووی کاری تێپەڕ.

بۆ نموونە:

| کاری تێپەڕ | قەدی ڕانەبردوو |
|---|---|
| ناردن | نێر |
| کوشتن | کوژ |
| کشان | کێش |
| نووسین | نووس |
| هەنوون | هەنوو |

(١١) لە (کر)ی (ب)دا، شێوازی بکەر نادیار بەوە دەبێ کە کاری (هاتن) لەپێش چاوگی کارە تێپەڕەکە دابنرێ. کە دەکرێتە شێوازی بکەر نادیار تەنیا کاری (هاتن) گەردان دەکرێ، بۆ نموونە:

| کاری تێپەڕ | چاوگی بکەر نادیار |
|---|---|
| کوشتن | هاتن کوشتن |

## دروست بوونی شێوازی بکەر نادیار لەشێوەزاری (کر)دا:

١٦ - شێوازی بکەر نادیار لەشێوەزاری (کر)، جگە لە (کر)ی (ب)، بەهۆی (- یا)ی پاشگری بکەر نادیارەوە درووست بووە[١٢].

١٧ - شێوەی بنچینەیی شێوازی بکەر نادیاری (کر) بەهۆی (- یا)ی پاشگری بکەر نادیارەوە ئەوەیە کە تا ئەمڕۆ تەنیا لە شێوەزاری (سن)دا بەکاردێ‌و ئەوەیە کە یەکەم هەنگاوی گۆڕانی لەشێوەزارەکانی (کرم)دا دەکەوێتە بەرچاو (بەشی ٢١) دووەم هەنگاوی لەشێوەزارەکانی (کر)ی (ش) و (موك) و (سۆر) و (سول)دا دەدیترێ.

بۆیە من بەدروست بوونی شێوازی بکەرنادیاری شێوەزاری (سن)دا دەست پێ‌دەکەم، ئینجا دەچمە سەر دروست بوونی ئەو شێوەزارە

(١٢) لەهەندێ بەچکەزاری لوڕیدا چاوگی شێوازی بکەر نادیار بەهۆی کاری یاریدەدەری (بیان) (بوون)و پارتیسپلی ڕابردووی کاری تێپەڕ دروست دەبێ، بۆ نموونە: کوشتابیان (دەکوژرێ).

لە (کرم) و پاشانیش لەشێوەزارەکانی (کر)ی (ش)دا.

## دروست بوونی شێوازی بکەر نادیار لەشێوەزاری (سن)دا:

١٨ - لەشێوەزاری (سن)دا، قەدی ڕانەبردووی شێوازی بکەر نادیار بەزیادکردنی (- یە -) (- یا-) (بڕوانە تێبینی ٨) بۆ کۆتایی قەدی بکەر نادیاری کاری تێپەڕ (بەشی ١٥) دروست دەبێ، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| کاری تێپەڕ | کوشتن |
| قەدی ڕانەبردووی تێپەڕ | کوژ |
| قەدی ڕانەبردووی بکەرنادیار | کوژیە[١٣] |

١٩ - قەدی ڕابردووی شێوازی بکەر نادیار لەشێوەزاری (سن)دا بەهۆی لکاندنی (- ا -)[١٤]ی پاشگری پارتیسپلی ڕانەبردوو بە قەدی ڕانەبردووی بکەر نادیارەوە درست بووە. ئەم (- ا -)یە لەگەڵ (- ا -)ی بزوێنی (- یا -)ی

(١٣) هەندێ جار (- ی -)ی ئەم قەدە دەبێ بە (- گ -)و دەخوێنرێتەوە (کوژگە).

(١٤) بڕوانە بەشی (١١) ژمارە (٩).

پاشگری بکەر نادیار خۆی لێکداوە کە دەکەوێتە کۆتایی قەدی ڕانەبردووی بکەر نادیار (بەشی ٨) و (- یا -) (- یا + ١)ی لێ دروست بووە، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| قەدی ڕانەبردووی تێپەڕ | کوژ |
| قەدی ڕانەبردووی بکەرنادیار | کوژیە (کوژیا) |
| قەدی ڕابردووی بکەرنادیار | کوژیا |

٢٠ - چاوگی شێوازی بکەر نادیار لەشێوەزاری (سن)دا بەهۆی لکاندنی (- ن) یان (ن)[١٥]ی کۆتایی چاوگ بەقەدی ڕابردووی بکەر نادیارەوە دروست بووە (بەشی ١٩)، بۆ نموونە:

| | |
|---|---|
| قەدی ڕابردووی تێپەڕ | کوژ |
| قەدی ڕانەبردووی بکەرنادیار | کوژیە (کوژیا) |
| قەدی ڕابردووی بکەرنادیار | کوژیا |
| چاوگی بکەر نادیار | کوژیان |

(١٥) بڕوانە بەشی ١٢، تێبینی ١١.

## دەرکەوتنی پاشگری ( - ریا )

## ( - ریا )ی پاشگری بکەر نادیارو بنچینەکەی

## لەشێوەزاری ( سن )دا :

٢١ - ا - قەدی ڕانەبردووی ئەم کارانەی دادێن، وەکوو لەخوارەوە نیشان دراوە، هەموویان دەستوور بەندن، بۆیە ناکرێ وەکو ڕەگ بۆ دروست کردنی شێوازی بکەر نادیار بەکار بێن (بەشی ١٥).

| کاری تێپەڕ | قەدی ڕانەبردوو |
| --- | --- |
| بردن | با |
| دان | دا |
| کردن | کا |
| نیان/ نان | نە |
| خستن | خا |

ب - بکەر نادیاری تایبەتی ئەم کارانە، کە قەدی ڕانەبردووی هەموویان وەکوو یەک کۆتایی بە (- ا) هاتووە (تەنیا یەکێکیان نەبێ کۆتایی بە - ە - هاتووە)، دیارە وەکوو لەخوارەوە دەکەوێتە

بەرچاو لەسەر شێوەی (بر) و (کر)[١٦] دروست بوونە کە دەبێ قەدی ڕانەبردووی دەستوور بەندی کاری (بردن) و (کردن) بن:

| کاری تێپەڕ | ڕەگی بکەرنادیار |
|---|---|
| بردن | بر |
| دان | در |
| کردن | کر |
| نان | نر |
| خستن | خر |

ج - دوو کاری دیش کە قەدی ڕانەبردوویان دەستوور بەند نییە، ڕەگی بکەر نادیارییان وەکو پێنج کارەکەی سەرەوە وایە:

| کاری تێپەڕ | قەدی ڕانەبردوو | ڕەگی بکەرنادیار |
|---|---|---|
| شتن (ششتن) | شۆ | شۆر[١٧] |
| خواردن | خۆ | خور |

د - کەواتە دروست بوونی شێوازی بکەر نادیاری ئەو حەفت کارەی سەرەوە لەڕەگی بکەر

---

(١٦) بەراوردی بکە لەگەڵ ئەڤێستایی: (کر - یە - یتە) = (کراوە).

(١٧) چاوگی تێنەپەڕ لەشێوەی شۆردن لە (سن) و (شورتن) لە شێوەزارەکانی (کرم)دا دروست کراوە.

نادیاریانــەوە (بڕوانــە (ب) و (جـ)ی ســـەرەوە) بەهۆی (- یا -)ی پاشگری بکەر نادیارەوە، بەم جۆرە بووە:

| کاری تێپەڕ | ڕەگی بکەر نادیار | قەدی ڕانەبردووی بکەرنادیار | قەدی ڕابردووی بکەرنادیار | چاوگی بکەر نادیار |
|---|---|---|---|---|
| بردن | بر | بریە | بریا | بریان (بران) |
| کردن | کر | کریە | کریا | کریان (کران) |
| دان | در | دریە | دریا | دریان (دران) |
| نان | نر | نریە | نریا | نریان (نران) |
| خستن | خر | خریە | خریا | خریان (خران) |
| شتن | شۆر | شۆریە | شۆریا | شۆریان (شۆران) |
| خواردن | خور | خوریە | خوریا | خوریان (خوران) |

هـ - هەرچەندە (سن) تاکە شێوەزارێکە (- یا -)ی پاشــگری بکــەر نادیــاری بەشــێوەی ئەســڵی خۆی پاراستووە (بەشی ١٨ - ٢٠)، گومانی تێدا نییە شێوەزارەکانی تری (کر)ی (ش) یش هەمان

پاشگریان بەهەمان شێوە بەکارهێناوەو شێوازی بکەر نادیاری حەفت کارەکەیان بەهەمان ڕێگەی شێوەزاری (سن) دروست کردووە (بڕوانە (د)ی سەرەوە).

## بڵاوبوونەوەی ( - ریا - )ی نوێی پاشگری بکەر نادیار

٢٢ - وادیارە دروست بوونی شێوازی بکەر نادیاری تایبەتی ئەم حەفت کارە، لەشێوەزارەکانی تری (کر)ی (ش) و (موك) و (سۆر) و (سول) و (کرم)، (- ریا) یەکی پاشگری بکەر نادیاری نوێی لێ کەوتۆتەوە[١٨]، بۆ ئەوەی جێگای (- یا -)ی پاشگری سادەی بکەر نادیاری کۆن بگرێتەوە. ئەم شێوەزارانە بەپەیڕەوکردنی ئەو شێوە نوێیەی (-ریا)ی پاشگری بکەر نادیار لەباتی ( - یا -)ی سادە،

---

(١٨) ئۆسکارمان لەکتێبەکەیدا:
"Die Mandarten Der Mukri – Kurd en" Teil. I. Vorwort CI and § 100 – 105, 1906.
تێدێسکۆ/ ش لە کتێبەکەیدا:
"Dialectologie Der Westiranische Turfan texte" (1921)
چەند بیردۆزێکیان لەبارەی بنچینەی ئەم پاشگری بکەر نادیارە پێشکەش کردووە.

ئەو سوودەیان وەرگرتووە کە دوو شێوەی جیاوازی پاشگریان ببێ: (– یا –)، بۆ شێوازی نیمچە بکەر نادیارو (– ریا –) بۆ شێوازی بکەر نادیار. ئەم دیاردەیە گەشەسەندنو گۆڕانێك بوو لە (– یا –)ی پاشگر، کە تەنیا لەشێوەزاری (سن)دا بەردەوام بووە[19]، بەڵام وەکوو ئێستا لەخوارەوە دەبینین گەشەسەندنو گۆڕانێکی تر لە شێوەزارەکانی (موك) و (سۆر) و (سول)دا ڕووی‌داوە، لەبارەی سەردەمی (کرم) کە تاکە شێوەزارێکی (کر)ە (– ریا) لەشێوەی گشتی خۆی‌دا بەکاردێنێ. (بڕوانە بەشی ٢٣).

٢٣ – لەشێوەزارەکانی (کرم)دا، شێوازی بکەر نادیار بەهەمان ڕێگەی شێوەزارەکانی (سن) دروست بووە (بەشی (٢)) لەکاتێکدا لە (کرم)دا (– ریا –)ی پاشگری بکەر نادیاری

---

(١٩) هەروەها لە (سن)دا، ئەمڕۆ چەند شێوەیەکی دەگمەنی وەکوو (ئەزانریە) (دەزانرێ) و (زانریا) (زانرا) و (ئەسەنریە) (ئەسەنرێ) و (سەنریا) (سەنرا) دەکەوێتە بەرچاو.

گەشـــەکردووە[20] جێگـــای (- یـــا -)ی کۆنـــی گرتۆتەوە کە تائێستاش لە (سن)دا بەکاردێ، بۆ نموونە:

| | کاری تێپەڕ | قەدی ڕانەبردووی بکەر نادیار | قەدی ڕانەبردوو | قەدی بکەر نادیار | چاوگی بکەر نادیار |
|---|---|---|---|---|---|
| (سن) | کوشتن | کوژ | کوژیە | کوژیا | کوژیان |
| (کرم) | کوشتن | کوش | کوشریە[21] | کوشریا | کوشریان |

٢٤ - لەشـــێوەزارەکانی (مـــوک) و (ســـۆر) و (سول)دا، (- یا -)ی پاشگری بکەر نادیار لەسەر شێوەی گەشەسەندووی (- ریا -) نەمایەوە کە لە (شێوەزارەکانی (کرم)دا دەکەوێتە بەرچاو، بەڵکو تووشی گەشەسەندنو گۆڕانی تریش هاتو بوو بە (- را -)، ئەویش بە فڕێدانـی (- ی -)ی (- ریا -)ی (١٣)، بۆ نموونە:

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| سن | کوشتن | کوژ | کوژیە | کوژیا | کوژیان |
| کۆمەڵەی (کرم) | کوشتن | کوش | کوشریە | کوشریا | کوشریا |
| (موک) و (سۆر) | کوشتن | کوژ | کوژرە | کوژرا | کوژران |

---

(٢٠) بۆ گەشەسەسەندنو گۆڕانـی (- ریـا -) لـە (- یـا -)وە بڕوانە بەشەکانی ١٨و ١٩

(٢١) لە (کـرم)دا، ئـەم (- ریـە -)یـە دەشـێ وەکـو (- رە) گۆبکرێ، بۆ نموونە: (کوشرە) لەباتی (کوشریە).

## سێیەم

لەندەن: ١٩٦٧

## ئایا (کاردو) بابە گەورەی ناوی (کورد) نییە؟

زینەفۆن یەکەم نووسەرە کە وشەی (کاردوخی) وەکو ناوی ئەو گەلە چیاییە تۆمارکردووە کە ئەو کاتەی لە (٤٠١پ.ن)، بەسەر
کردایەتی دەهەزار یۆنانی لەکشانەوەکەیدا بەناو وڵاتەکەیاندا تێپەڕیوە، کە وڵاتی شاخاوی بوهتانەو دەکەوێتە سەر کەناری چەپەی دیجلە لەباکووری مووسڵەوە، ئەمانە بەربینگیان لێ گرتووە. وڵاتی کاردوخی لەو ناوچەیەدا دراوسێی وڵاتی میدیا بووە.

لەوسا بەدواوە، ناوی کاردوخی بەدرێژی سەدەکان، بەزۆر شێوەی جیاواز لەلایەن نووسەرە کلاسیکییە ڕۆمانیو گریکیو سریانیو ئەرمەنیو عەرەبەکانەوە تۆمارکراوە. تۆژەرەوان لەسەر ئەوە کۆکن کە ئەم هەموو ناوە کلاسیکییانە شێوەی جۆراوجۆری (کاردوخی)ی زینەفۆنن، و ئەوانە لەناو خۆیانەوە جیاوازییان

لەسەر ئەوەیە ئاخۆ کاردوخی (Kardukhi)[1] شێوەی بابەگەورەی ناوی ئێستای کوردە یان نا؟.

لەلایەکی تریشەوە هەموو تۆژەرەوەکان بڕوایان وایە ناوی کورتیکی (Kurtici)، کە مێژوونووسی گریکی پۆلیبوس (١٢٤پ.ز مردووە)و جوگرافیناس و مێژوونووس سترابۆ (٦٣ پ.ز لەدایك بووە) باسیان کردووەو ناوی کیرتی (Cyrtii)ی مێژوونووسی ڕۆمانی لیڤی (٥٩ پ.ز لەدایك بووە)، تاکە بابەگەورەیەکی ناوی (کورد)ە.

هۆی سەرەکی ئەوەی کە تۆژەرەوەکان وشەی (کاردو)یان وەکو بابەگەورەی ناوی (کورد) فڕێداوە ئەوەیە (کاردو) یەکان گوندینی بوون کەچی (کورتی)یەکان وەکو کورد کۆچەر بوون.

کورتی (کیرتی)یەکان، وەکو پۆلیبوس‌و سترابۆو لیڤی باسیان کردووە، شکی تێدانییە

(١) (X –) لەئەرمەنی‌و (ci –) لەگریکی هەردووکیان نیشانەی کۆکردنەوەن.

کۆچەر بوون، بەڵام ناکرێ ئەو کۆچەرانە گوندو بنەگەو پێگەی خۆیان نەبووبێ.

مێژوونووسی ئیرانی حەسەن پیرنیا پێمان دەڵێ لەسەردەمی فەرمانڕەوایی سلوقی II کالینیکوس (٢٤٢ - ٢٢٦ پ.ز)، خێڵە چیاییەکان پێگەی تایبەتی خۆیان هەبووو حکومەتی گریکی دەسەڵاتی بەسەریاندا نەدەشکا.

کەواتە دەشێ وا ڕەچاو بکەین ئەگەر کشانەوەی زینەفۆن بەناو چیاکانی زاگرۆسدا بووبێ، دەبایە هەندێ گوندی ئەو خێڵانە ببینێ کە پۆلیبیوس بە (کورتی) ناویان دەبا. لەلایەکی تریشەوە دەکرێ ئەوەش ڕەچاو بکەین ئەگەر ڕەتبوونی زینەفۆن بەوڵاتی (کاردو)اندا لەوەرزی هاوین بووبێ، بەرەو ڕووی ئەم جۆرە بەرەنگاربوونەوە توندوتیژە نەدەبووەوە، چونکە بەشێکی خەڵکەکە بەخۆو بەماڵاتەوە چووبوونە زۆزانی سەوزو باڵا.

من گومانم هەیە شێوەی (کورتی)، شێوەیەکی دروست بێ کە پۆلیبیوس تەنیا لەبەڵگەنامەکاندا دیویەتی، ئەگەرچی سترابۆش لەکاتی گەشتەکانیدا تۆماری کردووە، بەڵام ئەو شارەزای

شێوەی سەرەتایی گریکی وشەکەبووە. گریکەکان زۆر هەڵەیان لەتۆمارکردنی ناوی تایبەتی (علم) سەربە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کردووە. لیڤی واناسراوە کە شتەکانی خۆی لەبەرهەمەکانی پۆلیبوسەوە وەردەگرت. یەکەم بزوێنی ئەم وشەیە لەلایەن پتۆلیمۆکوس ەوە (سەدەی دووەمی زایینی) بە (ۆ)و هەروەها لەلایەن ئەرمەنەکانیشەوە (سەدەی پێنجەمی زایینی)، کە شارەزاییان لەوان هەبووە، هەربە (ۆ) نووسراوە، وەکو پاشان ڕوون دەکرێتەوە.

ئەوەشم بەلاوە زەحمەتە بسەلمێنم کە ئەو جەنگاوەرە (کورتی) یانەی بەپێی زانیاری پۆلیبیوس چوونەتە ژێر خزمەتی ئەنتیۆکوس III (۱۹۰ پ.ز)، هەمان ئەو پیاوانەبن، یان لەهەمان لقی خێڵەکانیان بن کە (۳۰) سی ساڵ پێشتر لەگەڵ لەشکری فەرمانڕەوایی وڵاتی میدیا دژی ئەنتیکۆس III کەوتبوونە جەنگ. نموونەی زەقی ئەو کۆچەرانەی چوونەتە ژێر باری خزمەتگوزاری پاشایانەوە، ئەو تورکمانە کۆچەرانەن کە لەژێر باری خزمەتگوزاری

سەلجووقەکانی ئەنەدۆڵو پاشاکانی عوسمانی چالاکییان دەنواند.

هەمزە ئەسفەهانی (٩٦١/٣٥٠)، ل١٥١، دەڵێ: (فورسەکان بە دەیلەمییەکانیان دەگوت (کوردی تەبەرسان)، هەروەکو ئەوەی بەعەرەبەکانیان دەگوت (کوردی سوریستان[٢])...). هەندێ نووسەری ئیسلامی زوو ئاگادارمان دەکەنەوە کە فارسەکان پێناسەی (کورد) بەکۆچەر دەکەن. بەڵام گومانی تێدانییە ئەو کۆچەرە کوردانەی فارسەکان ناسیویانن هەر ئەو خێڵە کوردانە بوون کە چیاکانو دەشتە گەرمەکانی دەوروبەریان، لەسنووری ڕۆژهەڵاتو باکووری ڕۆژئاوای وڵاتی پارس، داگیرکردبوو. ئەوانیش وەکو خێڵە کۆچەرەکانی نەتەوەکانی دی پیشەیان بەخێوکردنی مەڕوماڵاتو بازرگانی بوو بەبەرهەمی پەزەکانیان وەکو: پێستەو خوریو پەنیرو نقیشکو هتد... لەڕێی ئەوانەوە گەلی

(2) Minorsky, Les Origines des Kurdes, Acte xxxe congres international des drientalistes, Bruxelles, 1938.

فورس کوردیان وەکو کۆچەرو بەپێچەوانەوەش کۆچەریان وەکو کورد ناسیوە[٣].

تەنانەت ئەمڕۆش ئێمەی کوردی گوندینیو شارنشین بەخێڵە کۆچەرەکانمان دەڵێین (کورد)، هەر بەم جۆرەش عەرەب بە کۆچەرەکانیان دەڵێن (عەرەب).

نامەیەکی ئەردەوانی پێنجەمی دواپاشای پارتی بۆ ئەردەشێری پاپەکان/ی دامەزرێنەری ئیمپراتۆریەتی ساسانی (٢٢٦ز)، وەکو تەبەری تۆماری کردووە، ئەم جوێنەی خوارەوەی تێدا هاتووە: "هەی کوردی پەروەردەی ناو ڕەشماڵی کوردان". لەڕاستیدا ئەم تۆمەتە بێ بنەما نەبووە، چونکە بەگوێرەی کارنامەك، ساسانی باوکی ئەردەشێر شوان بووەو لەناو شوانی کوردان ژیاوە[٤].

---

(٣) لەلایەکی تریشەوە، لەسەرەتای سەدەی سێیەم، پیاوێك لەحەڕان گوتوویەتی (تەی)ەکانو عەرەبەکان نوێنەری هەموو کۆچەرانن:
(Moldeke, ZDNG, LXIX, P.713)

(٤)بڕوانە کارنامەکی ئەرتاخشیری پاپەکان کە تێکەڵەیەکی مێژوو و ئەفسانەیە، کردەوەکانی ئەردەشێری تێدا

بەڵام نووسەرە فارس و نووسەرە ئیسلامەکانی تر لەو ڕاستییەوە بێئاگا نەبوون کە کوردی شارنشین و جێورایش هەبوون[٥]. لەڕۆژگاری ئەواندا ناوی (کورد) میدییە شارنشین و جێوارەکانی دەگرتەوە. ناوی ماد (میدیی) تەنانەت لەلایەن هەموو گەلی ئێرانەوە لەبیرکرابوو، هەردوو نەتەوەی (ماد) و (کورد) تێکەڵ یەکتری ببوون و بەناوی (کورد) دەناسران. ئەمە لەسەردەمی ساسانییەکاندا هاتبووە دی[٦].

یەکەم هێرشی ئەردەشیری یەکەم پاشای ساسانی، دوای کوشتنی ئەردەوانی پێنجەم و داگیرکردنی عەرشی ئێران لە پارثییەکان، دژی وڵاتی (کورد) بوو[٧]. وەرگێڕەکانی شانامە ئەم ڕاستییەیان لا چەسپاوبووە و تێبینییان کردووە کە ئەردەشیر دوای زاڵبوونی بەسەر ئەردەواندا

---

تۆمارکراوە و لەکۆتایی سەدەی شەشەمی زایینی نووسراوە.

(5)Minorsky, H. A. P. 132

(6)T. Wahby, The Origins of the Kurds and their language, PP. 3, 6.

(7)Karnamak, Part V, And T.W, Ibid.

سەركەوتنی خۆی بەوە بەردەوام پێداوە كە زەبری توندی حەواڵەی ناو جەرگەی دەسەڵاتی ئەو پادشایە كردووە كە بەلای ئێرانییەكانەوە دەكەوێتە وڵاتی میدیا. ئەوە لەوەسفی هەڵمەتەكەیدا دژی كورد، تۆماركراوە. بێگومان مەبەست لەگەڵی میدیا كورد بووە، چونكە لە كارنامەدا ناوی پاشا كوردەكە (مادك)ە كە مانای (ماد)[٨] دەدا. جگە لەمەش هەر لەسەدەی چوارەمی سەردەمی ئێمەوە، (مەبەست دوای زایینە - و.)میرنشینی كوردی (ماهكەرت) لەو سەرچاوانەدا هاتووە كە لەبوهتانو خابووری ڕۆژهەڵاتن[٩].

بەڕای پرۆفیسۆر مینۆرسكی، ناوی هەرێمی (كۆتاییا - Kotaia) كە پتۆلیمۆكس (سەدەی دووەمی ز) وەكو دراوسێی ڕۆژهەڵاتی وڵاتی كۆردیەنە (كاردو -) باسی كردووە، دەبێ (كۆرتاییا - Kortaia) بێ كە، وەكو مینۆرسكی

(8)A. G. Warner & E. Warner, The Shanama of Firdausi, Vol. VI, P. 203.

(9)V. Minorsky, Les Origines des Kurds, Actes XXe, Clo, P. 157, Bruxelles 1938.

بـــۆی دەچـــێ، پـــەیوەندی بـــەناوی ناوچەکوردییەکانی (کۆردیخ – Kordix)ەوە هەیە کـە پێنـج سـەدە پاشـتر (سـەدەی حەفتـەمی ز) لەجوگرافیای ئەرمەنەکاندا هاتووە[١٠].

جوگرافیـای ئەرمـەنی (سـەدەی حەفتـەمی زاییـنی) ناوچـەکانی هـەرێمی (کۆرچـخ – Korchx)ی کـوردی دەژمـێرێ کـە کەوتوونەتـە سەر سنووری باشـووری ئـەرمینیا. بەناوچـەی (کۆردوخ – Kordux) دەسـت پـێ دەکا لەسـەر کەناری دەسـتەچەپی دیجلـە، ئینجا باسـی سێ ناوچەی تر دەکا بەناوی (کۆردیخ – Kordix) کە بـەرەو ناوەڕاسـتی ڕێـڕەوی زێـی گـەورە دەچن[١١].بێ گومان ناوی کۆردیخ ئەسڵێکە بـۆ ناوی کوردەکان[١٢].

جوگرافیـای ئەرمـەنی باسـی _کورتیـس – Kurtis) ناکـا کـە دەبێ وەکـو خێڵـی (کـۆردی – Kordi)لای ئەرمـەن ناسـرابێ. (کـورت – ی –

---

(10) Ibid, P. 150.

(11)Ibid

(12)Ibid

کی)ی سترابۆ (سەدەی یەکەمی پ.ز) و (کۆرد - ی - خ)ی ئەرمەنی (سەدەی حەفتەمی ز) هەردووکیان، هەروەها (کۆرتاییا)ی پتۆلیمۆکس (سەدەی دووەمی ز) لای مینۆرسکی وەکوو شێوەی کۆنی ناوی (کورد) پەسندن. گەلی (کۆرتاییا)و گەلی دواناوچەکانی (کۆرد - ی - خ)یش، کە بڕوا وایە کوردبن، زۆر لە گوینە جێواربووبن. هەروەها (کۆرد - و - خ) (کاردو - خ - کی)یش جێواربوون کە لەتەك ئەوانەوە لەناوچەیەك دەژیان بەناوی (کۆرچخ). بڕوا وایە ئەم ناوەش هەر لەناوی (کورد) داتاشرابێ(١٣).

ئێستا با بگەڕێینەوە سەر ناوەکانی کۆرد - و (خ)و کۆرد - ی (خ)، کە ئەرمەن تۆماریان کردوون.

ئەرمەن، کە ناوی دراوسێکانی باشووری خۆیان بەشێوەی (کارد - و - خ) گۆکردووە، وەکو زینەفۆن تۆماری کردووە (٤٠١ پ.ز)، هەمان ناویان پاش هەزار ساڵ، واتە لەسەدەی حەفتەمی ز دا، بە شێوەیەکی گەشەکردوو، وەکوو (کۆردو

---

(13)Ibid

- خ) تۆمارکردووە، ناوەکەی تریش کۆرد - ی (خ) (سەدەی حەفتەمی ز)، کە وەکو ئەسلێکی ناوی کورد پەسندکراوە، لەوە دەکا چەند سەدەیەکی کەم لەوشەی (کورد) کۆنتر بێ کە لەکارنامەکی کۆتایی سەدەی شەشەمدا هاتووە، چونکە یەکەمیان دوابزوێنی خۆی (- ۱) پاراستووە لەسەدەی حەفتەمدا، کەچی (کورت - ی) سترابۆ، پێش ئەوەی بگۆڕێ و لەکارنامەك دا بێ بەشێوەی کورد، دەبوو دوا بزوێنی لەدەست بدا.

تایبەتێتییەکی تری شێوەی (کۆرد - ی)، لەڕووی گونجانییەوە، لەدەنگی گڕی (د) دایە کە جێی (ت)ی گرتۆتەوە، و بزوێنیپووکی (۱)ش چەسپاوە. لەم بارەیە یەکگرتنێك لەنێوان (کۆرد - و) (کارد - و) پەیدابووە بەگۆڕانی (۱) بۆ (ۆ) و ئەوسا بووە بە (کۆرد - ی) کەبە ئەسلێکی ناوی کورد دادەنرێ. لەوەدەکا جیاوازی نێوان ئەم دوو ناوە شێوەزارەکی بێ: (- و) سەر بە (کاردو)ی هەرێمایەتی و (- ی) سەر بە گەلە (کۆرد - ی)یە جێوارەکانی تر بێ کە بڕوا وایە ناوەکەیان پەیوەندی بە (کورت - ی)ی سترابۆوە هەبێ.

لێرەدا دەشێ ئەو پرسیارە بێتە پێشەوە: لەکاتێکا کە هەندێ تۆژەرەوە ئەوەیان لا پەسەندە کە بزربوونی (ی)ی کۆتایی لە وشەی (کورت - ی) و (کۆرد - ی)، وای کردووە وشەکە بگۆڕێ و بکەوێتە سەر شێوەی کۆرد، کورد، ئایا چ بەربەستێکی دەنگسازی ڕێیان لێ دەگرێ ئەوە پەسند بکەن کە بزربوونی (و)ی کۆرد - و (- خ) وای کردووە وشەکە ببێ بە کۆرد، کورد؟ کەواتە بۆچی کۆرد - ی (خ) شێوەی کۆنی کورد بێ، بەڵام کۆرد - و (خ) شێوەیەکی کۆنی کورد نەبێ؟ هاوبەشی‌کردنی گەلی کۆرد - و (خ) لەگەڵ سێ کۆرد - ی (خ)ەکانی تر لەناوچەی (کۆرچخ). کە بڕوا وایە ئەویش داتاشراوی (کورد)بێ، دەشێ نیشانەی ئەوەبێ کە کۆرد - و (خ)و کۆرد - ی (خ) لەهەمان ڕەگەز بن.

جێی گفتوگۆیە کە (کاردو)کان لەناوچەیەکی سنووربەندا جێگیرابوونە. کەچی (کورتی)یەکان لەچەند ناوچەیەکی فراوان بڵاوببوونەوە وەکو سترابۆ باس دەکا، بۆیە لەبەر ئەوەی کورد ئێستا بەسەر هەمان ناوچەدا بڵاوبوونەتەوە، دەبێ ناوی کورد لە (کورتی) سترابۆ داتاشرابێ نەک لەکاردو.

لەوەڵامی ئەو گفتوگۆیەدا دەبێ بڵێین ناوچەرگەی میدیای کۆن لەئیران ئێستا بەڕەسمی پێی دەگوترێ ئاستانی کوردستان کە باکوورو باشووری بریتین لەئاستانی مەهابادو کرماشان کە ئەوانیش هەرناوچەی کوردین، ناوچەی کوردی لەڕۆژئاوای ئیرانو لەتورکیاو لەعێراق هەن. ئایا ماقوڵە بڕوا بکەین ئەو دە ملیۆن کوردە جێوارەی ئەمڕۆ تەنیا نەوەی خێڵە (کورتی)یە کۆچەرەکانی سەدەی یەکەمی سەردەمەکەمان بن؟

دەکرێ ناوی (ساتالکا) و (پیناکا) وەك ئاماژەیەك بۆ ئەسڵی ئیرانیی (کاردو) کان پێشنیاز بکەین. ئەمانە ناوی دووشارن لە (گوردیەنە) کەسترابۆ باسی کردووەو لەوە دەکا وشەکان لەئەسڵی ئیرانییەوە داتاشرابن(١٤) و ئەمانە خۆشیان پێش سەدەی یەکەمینی پ.ز هەبوون.

جێی خۆیەتی لەم قۆناغەدا بەکورتی ئەو پێکچوونە هەڵسەنگێنین کە گوایە لەنێوان ناوی

---

(14) t. Wahby. The Origion of the Kurds, P. 5.

(کورد) و وشەی (گورد)ی فارسی هەیە (کە مانای پاڵەوان، ئازا، بەزات دەدات).

لەسەرەتادا بەپێویستی دەزانم شێوەکانی (گورد)ی فارسی باس بکەم کە بریتین لە (گورت) لەکتێبی پەهلەوی‌و (گورد) لەفارسی ناوەڕاستی تورفان. لەوەدەکا گۆڕانەکە بەم جۆرە بووبێ:

گورت - گورد - گورد

ئەم وشە لەکاغەزە پارثییەکانی تورفان نەدیتراوە. ئەوەندەی من ئاگادارىم ئیتیمۆلۆجیای جۆراوجۆری ئەم وشەیە لەلایەن سێ تۆژەرەوە پێشنیازکراوە: ژابا (گورد)ی فارسی لەگەڵ (کورت)ی کوردی (کرمانجی باکوور)، کەمانای (بەهێز، چالاك دەدا)و (خۆرت) (لاو)، دەباتەوە سەریەك، ئەوسا لەگەڵ (هام - ڤارۆتی)ی (پاراستن، پشتگیری، هێز، چالاکی)ی ئەڤێستایی بەراوردی دەکا. کەچی هوبشمان پێشنیازی کردووە کە (گورد)ی فارسی‌و فارسی ناوەڕاست لەوشەی فارسی کۆن (ڤورت) داتاشراوە. درایڤەر دەڵێ "(گورد) یان (کورد)ی فارسی، لەوەدەکا لەبنچینەیەکی هاوبەشەوە داتاشرابن لەگەڵ (گاردو) و (قاردو)ی بابلی، کەمانای (ئازا، بەزات،

شـەڕخوان)و (ئـازایی و حـەز لەشـەڕ) دەداو ئەمانەش سیّمای زەقی کەسیّتی کوردن".

من لەو بڕوایەدام وشەی (خورت) و (خۆرت)ی کـوردی لەشـێوەیەك لەشـێوەکانی (گـورت) داتاشراون. لەشێوەزاری سلێمانی نموونە هەن بۆ گۆڕانی دەنگی گڕی مەلاشوویی سەرەتا (گ) بۆ دەنگی مەلاشـوویی کـپ (خ) لـەپێش بزوێنـی کورتـدا، وردتریـش کـە ئەمانـەی بـەدوادا هاتبێ (رد)، (رت) یان (ر)، (ل)، بۆ نموونە[١٥]:

| گۆرد (ئاوەڵناو) | خۆرت | خۆر (خڕ) |
| --- | --- | --- |
| گەرد گەڕ (ناو) | گۆڕ | خول (خولانەوە، سوڕانەوە) |
| گەردەك | گەڕەك (ناو) | خەڕەك (ڕستن، پێچکە) |
| گەرد | گۆل (ناو) | خۆل (خول) |
| گورت/ی ئیرانی ناوەڕاست | خورت | خۆرت (بەهێز، گەنج) |
| گورت | گوڕ (ناو) (وزە، هێز) | خوڕ (ناو) (ئاوەڵناو) (بۆشلە) |

(١٥) ماناکان هی دوا وشەن.

هـەبوونی وشـەی (گـورد) لـەکرمانجیدا، لەشێوەی گەشەسەندووی وەکوو خورت، خۆرت، گوڕ، خوڕ، ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم وشەیە هیچ پەیوەندی لەگەڵ ناوی (کورد) نییە. جگە لەمەش ڕەچاوکردنی پەیوەندییەك لەنێوان ناوی (کورد)و وشەی کۆنی بابلی وەکو قەڕڕاد (ناو)و قاردیو قاردو (ئاوەڵناو) (پاڵـەوانی ئـازا) شـتێکی بێمانایە.

لەکۆتاییدا، وشەی (گورد) لەزمانی ڕووسیی هیندوئـەورووپیدا بەشـێوەی (گۆردیـی - Gordyi)دەردەکـەوێ کـەمانای (شـانازی) دەگەیەنێ.

لەندەن: ١٩٦٧

## چوارەم

## ئیتیمۆلۆجی وشەی کوردی (سیلۆت – Seplot)

لە ٢٢ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٤، موحازەرەیەکم بۆ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەوروپا، لقی کۆنفراس، دا لەبارەی (بنچینەی کوردو زمانەکەیان)و بەم وشانە کۆتاییم پێ هێنا:

"حەزدەکەم بەڵگەی تەواو لەسەر پەیوەندی نێوان زمانی ئەڤیستایی میدیی و زمانی کوردی پێشکەش بکەم، بەڵگەی تایبەتی خۆیشم هەیە".

ویستم پاشکۆیەك لەگەڵ ئەم موحازەرەیە بڵاوبکەمەوە، لیستێك بێ بۆ داتاشینی جۆراوجۆری وشەی (سپاکا) (سەگ)ی میدی، کە لەهەندێ شێوەزاری ئیرانی نوێدا هەن. پاشکۆکە بەم وشانە دەستی پێکردبوو: "رێگا بەخۆم دەدەم ئەم جارە تەنیا باسی یەك وشە بکەم ئەویش ناوی هەرەباوی (سپاکا)یە کە هێرۆدۆتس بەئێمەی گەیاندووەو ناوێکی میدییە بۆ (سەگ). دەبینین ئەم وشەیە ئەمڕۆ بەزۆر شێوەی داتاشراوی جیاجیاوە لەهەندێ شێوەزاری نوێی ئیرانی بەکاردێ. ئەمە لیستێکی ئەو شێوانەیە".

بەڵام سەیرم کرد تۆژینەوەکانم بێهێزن، بۆیە ڕای خۆمم گۆڕی. ئێستا دوای سێ ساڵ، کە هەڵسەنگاندنەکەی مەکەنزیم خوێندەوە لەبارەی (فەرهەنگی کوردی - ئینگلیزی) (لەندەن، ١٩٦٦) کە منو سی. جێی ئەدمۆندزی هاوکارم داماننناوە، ئەوسا لیستەکەی خۆم بیرکەوتەوە.

یەکێ لەڕەخنەکانی هەڵسەنگاندنەکەی د.مەکەنزی ئەمەبوو: "بەرامبەر بەوشەی (سیپ/ۆ) (سەگ)، کە وشەی (سیپ/لۆت) (پیس لەڕووی ئایینییەوە)ی لەژێر هاتووە، دەبێ ئەوەی بەدوای شێوەی میدییدا دەگەڕێ لەمە ئاگاداربکرێتەوە. سیپلۆت دەشێ پەیوەندی بە سە(گ)ەوە هەبێو ڕەنگە (پلید)ی فارسی بێ، بەڵام (سیپە) ئاوها لەکوردیدا نییە).

ئەوەی لەبۆچوونەکەی د.مەکەنزی تێبینی دەکرێ ئەمەیە:

یەکەم: سەرسوڕمانی لەبارەی پێشنیازی هەبوونی هیچ دەوسێکی وشەی میدی (سپاکا) لەکوردیداو دووەم: ناتەواویی پێشنیازەکەی ئەو لەبارەی ئیتیمۆلۆجی وشەی (سیپلۆت). د.مەکەنزی بڕوای بەپەیوەندی نێوان کوردو ماد

نییە[1] و لەبەر ئەوەی ئاگادارنییە وشەی وا لەکوردیدا هەبێ کەلەوشەی (سپاکا)ی میدی داتاشرابێ، بۆیە نووسەرانی فەرهەنگەکە بەوە تاوانبار دەکا کە بەئەنقەس وشەی (سیپە)ی میدیی‌و وشەیەکی تری وەکو (سیپلۆت)یان تێخستووە. د.مەکەنزی لەئیتیمۆلۆجییەکەی بۆ وشەی (سیپلۆت) سەرکەوتوو نەبووە کە دەڵێ ئاوەڵناوێکە دەشێ وەسفی هەر شتێ بکا کە لەڕووی ئایینییەوە پاک نەبێ. د.مەکەنزی ئەوەی تێبینی نەکردووە کە ئاوەڵناوی (پلید) لە (سگ پلید) تەنیا وەسفی ناوی (سەگ) دەکا. بۆ نموونە دەستەواژەیەکی دەرخەری وەکوو (پیاوەکی سگ پلید) مانای ئەوە نادا کە پیاوەکە لەڕووی ئایینییەوە پاک نییە، بەڵکو مانای ئەوە دەدا کە پیاوەکە سەگەکەی پاک نییە، کەچی پیاوێکی سیپلۆت مانای ئەوەیە ئەو پیاوەی لەڕووی ئایینییەوە پاک نییە.

---

(1)T.Wahby, The Origion of the Kurds...1964.

دوو نموونـەی تـر بـۆ ڕوون کردنـەوەی ئـەم خاڵە:

(پیاوێکی سەگ هار) مانـای (پیـاوێکی هـار) نـادا، بـەڵکو مانـای ئـەو پیاوەیـە کـە سـەگەکەی هارە، یان ئەو پیاوەی سەگێکی هاری هەیە.

(پیـاوێکی سـەردرێژ) مانـای (پیـاوێکی بالاّبەرز)نادا، بەڵکو مانای ئەوەیە (ئـەو پیـاوەی سەری درێژە)، یان (ئەو پیاوەی سەرێکی درێژی هەیە) واتە: پیاوێکی سەر درێژووکانییە.

لەئاوەڵناوە لێکدراوەکانی سەرەوە: سگ پلید، سەگ هار، سەر درێژ، ئاوەڵناوە سادەکان: (پلید) و (هار) و (درێـژ) تـەنیا وەسـفی ڕەگـەزی یەکـەم دەکەن، کەچی لە (سیپ - لۆت)دا ڕەگەزی دووەم وەسفی ڕەگەزی یەکەم ناکات.

یەکەم: لیستی داتاشینە جیاوازەکانی (سپاکا) لەهەندێ شێوەزاری ئیرانی نوێدا

لوڕی[2]: سپلۆ[3]، باجەلانی[4]: سپا، بەڵام لەهەورامیدا، کە ڕەسەنترین شێوەزاری گۆرانییە، بەسەگ دەگوترێ (توتە).

سولێمانی: سپا[5]، خونساری و مەحەللاتی و سۆیی: ئسبا،

سڤاندی: ئسبی، سامنانی: ئەسبە، ئەفغانی: سپای، ئۆرموری: سپوك، پاراچی: سپای، سپۆ. (ئەسڵی شێوەی سێیەکەی دواوە لەباکووری ڕۆژئاواوە چۆتە ڕۆژهەڵات).

---

(٢) لوڕی شێوەزارێکی کوردییە، هەندی لەبەچکەزارەکانی زۆر توند کەوتۆتە بەر کاریگەری فارسی.

(٣) شێخ محەمەدی خاڵ، فەرهەنگی خاڵ، بەرگی دووەم، سولەیمانی، ١٩٦٤.

(٤) باجەلانی (گۆرانی)یە، شێوەزارێکی کوردییە بەڵام لەکرمانجی جیایە کە شێوەزاری سەرەکی کوردییە.

(٥) شێخ محەمەدی خاڵ، سەرچاوەی پێشوو.

دووەم: ئەو وشانەی شێوەزاری سولێمانی کە لە (سپاکا)ی میدییەوە داتاشراون:

| | |
|---|---|
| سەپ - ەك<br>سەپ - لە | جۆرە نانێکە بۆ سەگ لەکەپەك دروست دەکرێ |
| سوا - لەك<br>سوا - لەت | قۆرتێکی هەڵکەنراوی پڕ ئاوە بۆ سەگ قونکە جەڕەیەکە ئاوی تێ دەکرێ بۆ ئەوەی سەگ بیخواتەوە. |

ئێستاش پێشنیازی من بۆ ئیتیمۆلۆجی وشەی سنەیی (سیپلۆت) بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

(سیپلۆت) ئاوەڵناوێکی لێکدراوە لەناوی میدی (سپا) (سەگ)و کاری ئەڤێستایی (ڕایثوە - تێکەڵ بوون بە، وەرگرتنی شێوەی)

جا هاوتای فارسی بۆ ئاوەڵناوی لێکدراوی کوردی (سپلۆت) نابێتە (سگ پلید)، وەکو

د.مەکەنزی پێشنیازی کردووە، بەڵکو گومانی تێدانییە هەردەبێ (سەگ – ئالوود)بێ.

لەکۆتاییدا، هەقم نییە تۆژەرەوانی شێوەمیدییەکان وریا بکەمەوە لەدژی ئیتیمۆلۆجی فریودەری د.مەکەنزی بۆ وشەی (سیپلۆت)ی پەتی کرمانجی – میدیی.

# پێنجەم

## چیرۆکی سێ کۆستە[1]

ئازاری ١٩٦٨

جارێك لەجاران، لەشارێکا سێ کۆستە بوون. هەر یەکێکیان سەد قڕانی[2] هەبوو. ئەم کۆستانە کردبوویان بەخوو، هەموو ڕۆژێ پاش نیوەڕۆ لە جێیەکا بەقەراخی شارەکە کۆئەبوونەوە، پێکەوە قوماریان ئەکرد بە سێسەد قڕانەکەیان، وە کەسیان لەکەسیانی نەئەبردەوە.

---

(١) (کۆستە) لەشێوەزارەکانی موکری‌و سۆرانی‌و بابانی (سولەیمانی) مانای پیاوی بێ ڕیش دەگەیەنێ. کۆستە بەزۆرزانی‌و تەلەکەبازی ناویان ڕۆیشتووە.

تێبینی وەرگێڕ: مامۆستا تۆفیق وەهبی ئەم چیرۆکەی بەدەقە خۆی بەکوردی‌و بەتیپی لاتینی بلاوکردۆتەوەو لەهەمان کاتدا وەری‌گێڕاوە بۆ سەر زمانی ئینگلیزی. منیش کاتی خۆی سالی ١٩٧٥ دەقێکی ئەم چیرۆکەم لە کتێبی ڕەوانبێژی، بەرگی دووەم، جوانکاری، ل٢٣ - ٢٦ بۆ نموونەی سەرواداری کوردی بلاوکردەوە. دەقەکەی ئێرەو دەقەکەی ئەوێ نەختێ جیاوازییان هەیە.

(٢) قڕان: دراوێکی زیوی ئێرانییە.

کۆستەیەکی‌کە، کە لەشاری هەمەدان دائەنیشت، ئەمەی بەرگوێ کەوت، وە خێرا چوو بۆ ئەو شارە کە سێ کۆستەکەی لێ‌بوو. لەوێ چووە مالی هەرسێ کۆستەکە، وە بەناونیشانی (کیسەکەی ژێر سەرینەکە) سێ‌سەد قڕانەکەی لەژنەکانیان سەندو گەڕایەوە بۆ هەمەدان.

لەوێ هەرسێ‌سەد قڕانەکەی کردە ناو کیسەیەکەوە، کە لەژێر بێشکەی کچەکەیا شاردییەوە. بەژنەکەی وت ئەم نهێنییە بە کەس نەڵێ.

سێ کۆستەکە ئەو ڕۆژە، کە کاتی قومارکردنیان هات، هەریەکە چووە مالی خۆی بۆ سەد قڕانەکەی.

کۆستەی یەکەم بەژنەکەی وت: "سەد قڕانەکەم بۆ بێنە".

ژنەکەی وتی: "بردی".

کۆستەکە پرسی: "کێ؟"

ژنەکەی وتی: "کۆستەیەك".

کۆستەکە پرسی: "چۆن بوو؟"

ژنەکەی وتی: "لەسەریابوو کڵاو".

کۆستەکە پرسی: "هیچی تری لێ نازانی؟"

ژنەکەی وتی: "نە".

کۆستەی دووەم وتی بەژنەکەی: "سەد قرانەکەم بۆ بێنە".

ژنەکەی وتی: "کۆستەیەك بردی".

کۆستەکە پرسی: "چۆن بوو؟"

ژنەکەی وتی: "بەپشتییەوەبوو هەمانە".

سێیەم کۆستە وتی بەژنەکەی: "سەد قرانەکەم بۆ بێنە".

ژنەکەی وتی: "کۆستەیەك بردی".

کۆستە پرسی: "چۆن بوو؟"

ژنەکەی وتی: "پێی بوو نۆ نوردووە نان".

سێ کۆستەکە، کە بەمانەیان زانی، بەپەلەپەل خۆیان گەیاندە جێ کۆبوونەوەی ئاساییان، وە دەسیان کرد بە هەڵهێنانی ناونیشانی کۆستە دزەکە.

کۆستەی یەکەم وتی: "ماڵی ئێمە ئەڵێن: لەسەریابوو کڵاو".

کۆستەی دووەم وتی: "ماڵی ئێمە ئەڵێن: بەپشتییەوەبوو هەمان".

کۆستەی سێیەم وتی: "ماڵی ئێمە ئەڵێن: پێی بوو نۆ نوردووە نان".

بـەپێی ئـەم ئاگایانـە کۆسـتەکان وایـان لێکدایەوە:

کۆستەی یەکـەم وتـی: "ئەگـەر پێـی بووبێ نـۆ نوردەنان، ئەبێ هـەر نـوردووی نـۆ نـان، نـۆ نـان بێ".

کۆستەی دووەم وتـی: "پێـی بووە نۆ نوردووە نـان، هـەر نوردوویـەکی نـۆ نـان، نـۆ نـان، ئـەبێ ماڵیان لەهەمەدان بێ، لەگەڕەکی قەتارچییان".

کۆسـتەی سێیەم وتـی: "پێی بووە نۆ نـووردە نـان، هـەر نـۆردووی نـۆ نـان، نـۆ نـان، ماڵیـان لەهەمـەدان، لەگـەڕەکی قـەتارچییان، ئـەبێ خـۆی ناوی مام ڕەمەدان بێ".

کۆسـتەی یەکـەم وتـی: "پێـی بووە نۆردوونـان، هەرنوردووی نۆ نان، نۆ نان، ماڵیان لەهەمـەدان، لەگەڕەکی قەتارچییان، خۆی ناوی مـام ڕەمـەدان، دەبێ ژنەکەی ناوی باجی مەندان بێ".

کۆسـتەی دووەم وتـی: "پێیبووە نـۆ نـوردووە نـان، هـەرنوردووی نـۆ نـان، نـۆ نـان، ماڵیـان لـە هەمەدان، لەگەڕەکی قەتارچییان، خۆی ناوی مام ڕەمـەدان، ژنەکـەی نـاوی بـاجی مـەندان،و دەبێ کچەکەی ناوی خەندان بێ".

کۆستەی سێیەم وتی:" پێیبووە نۆ نوردووە نان، هەرنوردووی نۆ نان، نۆ نان،ماڵیان لە هەمەدان، لەگەڕەکی قەتارچییان، خۆی ناوی مام ڕەمەدان، ژنەکەی ناوی باجی مەندان،و کچەکەی ناوی خەندان، سێسەد قڕانەکە وا لەکیسەیەکا لەژێر بێشکەی خەندان".

سێ کۆستە لەپاش ئەم ڕاوێژە بڕیاریان دا کە بچن بەشوێن پارەکەیانا، وە هەڵسان ڕوویان کردە شاری هەمەدان. کە گەیشتنە ئەوێ، گەڕەکی قەتارچییان و ماڵی مام ڕەمەدانییان بەئاسانی دۆزییەوە. ئینجا یەکێکیان لەخۆیان هەڵبژاردو ناردیان بۆ ماڵی مام ڕەمەدان. کۆستەکە، کە چووە ماڵی مام ڕەمەدان، وتی بە باجی مەندان:"باجی مەندان، مام ڕەمەدان ناردوومی بۆ کیسەکەی ژێر بێشکەی خەندان".

باجی مەندان کیسە پارەکەی هەروا دایێ.

سێ کۆستە ئینجا بەپیرۆزیو خۆشی گەڕانەوە شارەکەی خۆیان بۆ قومارەکەیان.

منیش هاتمەوەو هیچیان نەدامێ.

* * *

تەواو

# ناوەرۆك


| بابەت | لاپەرە |
|---|---|
| پێشەکی | ٥ |
| کورد کێن؟ | ٩ |
| پارتیکلی بکەر نادیاری هیندو ئیرانی نموونەیی ( - یا ) | ٤٣ |
| ئایا ( کاردو ) بابە گەورەی ناوی ( کورد ) نییە؟ | ٦٣ |
| ئیتیمۆلۆجی وشەی کوردیی سپلۆت | ٧٩ |
| چیرۆکی سێ کۆستە | ٨٧ |


ناونیشانی بابەتەکان بەزمانی ئینگلیزی:

1 – who are the Kurds?
2 – The Proto – Indo – Iranian Passive Particle – ya –
3 – Is (Kardu) not a Progenitor of the name (Kurd)?
4 – The Etymology of Kurdish word (SEPLOT).
5 – The Three Kostas.

## زنجیرە كتێبی گیرفانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

| ناوی كتێب | نوسینی | وەرگێرانی |
|---|---|---|
| ١-ژن لە شیعرو ژیانی مندا | نزار قەبانی | جەمال غەمبار |
| ٢-نیچە | پۆل ستراتێرن | ئازاد بەرزنجی |
| ٣-سوڕی مانگانەی ژن | مارتن لۆدڤیك | ئەكرەم قەرەداغی |
| ٤-دیكارت | پۆل ستراتێرن | ڕەئوف بێگەرد |
| ٥-بیری ئاینی كۆن لە میزۆپۆتامیادا | د. تەقی دەباغ | یاسین عومەر |
| ٦-ڕێبازەكانی ڕەخنەی ئەدەبی | دیاینی ئەچز نبرامز | عەتا قەرەداخی |
| ٧-ئاین و كەسایەتی | ل. پالس | ئاوات ئەحمەد |
| ٨-هەشت نامە. | گۆنتەرگراس- كینزابورۆئو | شۆڕش جوانڕۆیی |
| ٩-ئانارشیزم | د. مستەفا ڕەحیمی | ڕێباز مستەفا |
| ١٠-كۆمارە كوردییەكەی مەهاباد | ئارچی ڕۆزفلت | ئەكرەم قەرەداخی |
| ١١-دەربارەی دیالیكتیكی ڕۆشنگەری | موراد فەرهاد پوور | بەختیار سەجادی |
| ١٢-پۆزش | ئەفلاتون | ئاوات ئەحمەد |
| ١٣-ئاوابوونی هزرە تۆباوییەكان لە ڕۆژئاوادا. | ئایزایا بەرلین | كامیل محەمەد |
| ١٤-هونەری نیگاركێشان.... | شمیدت دیجینەر | وەهبی ڕەسوڵ |
| ١٥-چامەی پەخشان | سۆزان بیرنار | سەلاح محەمەد |
| ١٦- ئاین. عەلمانییەت . فێندەمێنتالیزم | محەمەد ئەركون | شوان ئەحمەد |
| ١٧- سارتەر | پۆل ستراتێرن | ئازاد بەرزنجی |
| ١٨-چۆن دەبێت بەباشترین هاوڕێی خۆت | میلدرید نیومان بێرنارد بێركۆتس | شێرزاد حەسەن |

له بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم

سلێمانی٢٠٠٢